DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi8.305

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# پاشماوەکانی سەردەمی ساسانیی لە نێوان زێی بچووك و رووباری دیجلە دا نموونەیەکی مەیدانیی لە دەشتی هەولێر

**تۆفان خەسرۆ موسا**

tofan.musa@su.edu.krd

**پ.ی.د ئاری خەلیل کامل**

ari.kamil@su.edu.krd

بەشی شوێنەوار/ کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر/ هەرێمی کوردستان- عێراق

## پوختە:

چوار سەدە لە دەسەڵاتی رامیاریی دەوڵەتی ساسانیی و بنەماڵەی شاهانەی ساسانیی لە رۆژهەڵاتی نزیک دا بە تەواوەتیی رەنگی یاوەتەوە و جێ دەستی لە مێژوویی ناوچەکە دا بەجێ هێشتووە، کە بە یەکێک لە دیارترین بنەماڵە فەرمانڕەواکانی شارستانێتیی رۆژهەڵاتی میزۆپۆتامیا دائەنرێن، پاشاکانی ساسانیی گرنگیی زۆریان بە بواری حوکومداریی و ئابووریی و لایەنی ئاینیی و فەرهەنگیی و شارستانێتیی ئەدا و بەردەوام کاریان ئەکرد بۆ زیاتر فراوانکردنی سنووری دەسەڵاتی دەوڵەتی ساسانیی و بنەماڵەی شاهانەیی. ئەم پێشخانە شارستانێتیی و رۆشنبیرییەی گەلی ساسانیی لە پاشماوە شوێنەوارییە بەجێ ماوەکانییان بەدیی ئەکرێت. بێگومان لایەنی شارستانێتیی ئەم گەلە پەیوەست بووە بە داهێنانی ساسانییەکان و کاریگەریی گەلانی پێشووتر لەم بوارەدا. لەم توێژینەوەیەدا باس لە مێژوویی ساسانییەکان و بارودۆخی کورد و سنووریی کوردستان ئەکرێت لە سەردەمیی دەسەڵاتی ساسانییەکان لە سنووری دیاریکراوی توێژینەوە دا لەسەر بنەمایی سەرچاوە بیانیی و نووسراوەکانی گەشتیارە موسڵمانەکان، لەگەڵ شیکردنەوەیی پرۆژەکانی رووپێویی و هەڵکۆڵینی شوێنەواریی کە لەم سنوورەدا کراون و تاکوو ئێستاش کارەکانییان بەردەوامە بە تایبەتی گەڕان بە دوای پێگە و گردە شوێنەوارییەکانی سەردەمی ساسانیی بەشێکی سەرەکیی کارەکانی مەیدانیی ئەم پرۆژانەی پێک هێناوە، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ توێژینەوە لەسەر پاشماوەکانی سەردەمیی ساسانییەکان، چونکە پێشووتر گرنگیی کەمتر بە ساسانییەکان درابوو لە چاو گەلەکانی تر بەتایبەتی لە سنووریی دەشتیی هەولێر کە شوێنێکی دەوڵەمەندە بە میراتی شوێنەواریی. ئەو کاریگەرییەیی شارستانییەتی ساسانیی بە جێهێشتووە لە دەشتیی هەولێر، لە پاشماوەییی شارستانێتی کۆنەکانیی وەک سۆمەریی و ئەکەدیی و هەروەها ئاشوورییەکان کەمتر نییە، شارستانێتی ساسانیی گشت بوارەکانی ژیان لە بەرچاو ئەگرێت، هۆکارە ئاینیی و رامیاریی و ئابوورییەکان تەواو کاریگەرن لەسەر ئەم پاشماوانە، جگە لە کاریگەری هونەر و شارستانیەتی گەلانی پێشووتر کە دەرئەنجامەکانی لە شوێنەوارەکانی ساسانیی ئەبینرێت لە نێوان زێیی بچووک و رووباری دیجلە دا، لە رێگەی هەڵکۆڵینی شوێنەوارییەوە دەتوانین بیرۆکەی روون لە بارەی رادەیی کێشەکانی پێشووترەوە ببینن لەسەر بنەچەیی ساسانییەکان و پەیوەندیی بە کوردەوە، شیکردنەوەیی زانستیی پێگە شوێنەوارییەکانی ساسانیی بەندە لە سەر بنەمایی راپۆرتیی هەڵکۆڵینی تیمەکان و توێژینەوە بینایی و ناوخۆییەکان کە بەردەستن لەم بوارە دا.

**کلییلە وشەکان: ساسانییەکان، کورد، سنووری کوردستان، رووپێویی، هەڵکۆڵیین، ئیپاس، عەزە.**

Recieved: 2/8/2023
Accepted: 26/8/2023



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

ئـەم توێژینەوەیـە باسـی پاشـماوەیی شـوێنەوارەکانی ساسـانیی ئـەکات لـە نێـوان زێـی بچـووک و رووبـاری دیجلـە دا، کـە بەڵگـەی تۆکمـە و بەهێـز نیشـان ئـەدەن سـەبارەت بـە شارسـتانێتی دەوڵەتـی ساسـانیی لـەم ناوچەیـە دا، ئـەم سـنوورە هاوتایـە لەگـەڵ سـنووری پێشـووتریی هەرێمـی ئەدیابێنـێ. دەوڵەتـی ساسـانیی یەکێکـە لـە وڵاتـە گرنگەکانـی شارسـتانێتی رۆژهەڵاتیـی کـۆن کـە حوکمرانییەکـەی لـە سـەرەتایی ناوەراسـتیی سـەدەی یەکەمیـی پێـش زایـن تاوەکـو سـەرهەڵدان و بڵاوبوونـەوەی ئاینـی ئیسـلام درێـژەی کێشـاوە، دەوڵەتـی ساسـانیی لـە رووی جوگرافییـەوە تەواویـی خاکـی ئێـران ئەگرێتـەوە لەگـەڵ ناوچەکانـی عێـراق و ئازەربایـنجـان و ئەرمەنسـتان. بـەم شـێوەیە بووەتـە فەرمانرەوایـی ناوچەیەکـی فـراوان. لـەم نێوەنـدە دا کوردسـتان رووبەرێکـی گەورەیـی دەوڵەتـی ساسـانیی ئەگرێتـەوە، هـەر لـە باکـوور و باشـووریەوە تاوەکـو رۆژهەڵاتیـی کوردسـتان لـە ژێـر دەسـەڵاتی ساسـانییەکان بـووە، کـورد نەتەوەیەکـی سـەرەکیی بـووە هاوشـێوەی فـارس و هـۆزە عەرەبـەکان و ئەرمەنـی و ئـازەری. نەتـەوەی کـورد پێکهاتەیەکیـی خـاوەن شـیان بـووە لـە رووی پاڵپشـتی سـەربازیی و ئابووریـی و پیشەسـازیی و بازرگانیـی کـە سـنوورەکانیی رێگایەکیـی سـەرەکیی بازرگانیـی بـووە.

بنەچەیـی دەوڵەتیـی ساسـانیی پێـک هاتـووە لـە بنەماڵـەی شـاهانەیی ساسـانیی، باپیـرە گەورەیـان ساسـان خاوەن پێگەیەکیـی ئاینیـی بـووە و بنەماڵـەی ساسـانیی توانیویانـە ئـەم پێگەیـە بقۆزنـەوە لـە سـەردەمیی ئەشـکانییەکان و جـێ دەسـتیان دیـار بێـت تـا ئـەو رادەیـەی شـۆرش بەرپاکـەن تـا گەیشـتنە لوتکـەی دەسـەڵات. شـێوازیی حوکومرانیـی ساسـانییەکان لـە باوکـەوە بـۆ کـوڕ و نـەوەکان ماوەتـەوە بـە جۆرێـك تەنیـا بنەماڵـەی شـاهانەیی ساسـانیی بـۆی هەبـووە حوکمـی پادشـایی بگرێتـە دەسـت. ساسـانییەکان خـاوەن گەلێکـی شارسـتانیین، پاشـماوە شـوێنەوارییەکانیان بەڵگـەی بەرچـاو نیشـان ئەیـەن سـەبارەت بـە لایەنـی تەلارسـازیی و ئابووریـی و ئاینیـی و ئەدەبیـی و هونەریـی و رۆشـنبیریی و زانسـتە فەلەکیـی و پزیشـکییەکان؛ بـە جۆرێـک داهێنەرانـە بـوون لـەم بوارانـە دا لەگـەڵ کاریگەریـی گەلانـی پێشـووتر بـە روونیـی لەسـەر ئـەم شارسـتانێتە فراوانـە دەرئەکەوێـت. لێکۆڵینـەوە دەربـارەی ئـەم گەلـە کۆنـە لـە جیهانـی توێژینـەوە زانسـتیی و مێژووییەکانـدا بـەرە و بابەتییبـوون هەنـگاو ئەنێـت، بـە جۆرێـک گەیشـتوونەتە بوارێـک لـە رۆژگاری ئەمرۆمانـدا گەرانەوەیـی بنەچـەی ساسـانییەکان بـۆ نەتـەوەی کـورد زیاتـر بـاس ئەکرێـت و لـە داهاتـوو دا بەرچاوروونیـی زیاتریـش بەدەسـت ئەهێنیـن بـە تایبەتـی دوای ئـەوەی لـە سـەدەکانی رابـردوو نووسـەر و توێژینـەوە عەرەبیـەکان و فارسـییەکان بـە تەواوەتـی ئـەم لایەنەیـان پەراویـز خسـتبوو، خۆشـبەختانە لـە دەیەکانـی کۆتایـی دا توێژینـەوە شـوێنەوارییەکان و مێژووییـەکان لەبـەرەو پێشـچوونی خێـرادان بەهـۆی پێشـکەوتوونی ئامێـرە پەیوەندییدارەکانـی زانسـتی شـوێنەواریی کـە بەکارهاتـوون لـە رووپێویـی و هەڵکۆلینـە شـوێنەوارییەکان. بـەم هۆیـەوە، دەرئەنجامـی زیاتـر ئەخەنـە روو سـەبارەت بـە مێـژوو و بارۆدۆخیـی کۆمەڵایەتیـی کۆمەڵگەیـی ساسـانیی لـە گشـت بوارەکانـی پەیوەسـت بـە ژیانـی تاکـی هاوڵاتیـی ساسـانیی بـە جۆرێـک ئەتوانـن جوانـتر گـوزەری ژیانـی دەوڵـەت و کۆمەڵگەیـی ساسـانیی بدوێنـن. سـەرچاوە نووسراوەکانـی گەشـتیارە بیانیـی و ئیسـلامییەکان و وێنەیـی مانگیـی دەسـتکردیی بوونتـەوە هـۆی دۆزینەوەیـی پێگەیـی شـوێنەواریی سـەردەمیی ساسـانییەکان لـە ئەمـرۆ دا بـە تایبەتـی لـە خاکـی کوردسـتان و تاوتێکردنـی گشـت گریمانەکانـی پەیوەسـت بـە نەتـەوەی کـورد و پەیوەنـدی بـە شارسـتانییتی ساسـانییەوە لـە ناوچەکانـی دا، هەروەهـا وەڵام دانـەوەی پرسـیارە بەرچـاوەکان کـە پەیوەندیـی بـە شارسـتانێتی

زاگرۆسەوە هەیە و گشت خاڵە لێکچووەکانی نێوان گەڵی کورد و گەڵی ساسانیی. پێگە و شوێنەوارەکانی پەیوەست بە ساسانییەکان لە هەرێمی کوردستان لەم دوایانەدا جێگای بایەخن بە جۆرێک ئەتوانرێت زیاتر بێنە بەرچاو، لە رابردوودا کەمتر بایەخیان پێئەدرا، سەردەمی ساسانیی بە تەواوەتی لە هەرێمی کوردستان رەنگی یاوەتەوە، ئەمەش بۆتە هۆی هاتنی لێشاوی زانکۆ و دەزگا بیانیەکانی پەیوەست بە بواری لێکۆلینەوەیی شوێنەوارناسیی و ناوەندە زانستییەکان کە کارەکانییان تاوەکو ئەمرۆ بەردەوامە لەم سنووره دا، جێگایی دلخۆشیە کە توێژینەوە و رووپێوییە شوێنەوارییەکان دەربارەی شارستانێتی ساسانیی زیاتر بوون، دەرئەنجامی کارەکان گەواهیدەریی ئەم راستییەن کە ئەم خاکە ناوەندێکی ستراتیژی گرنگ بووە بۆ دەوڵەتی ساسانیی هەر لەسەرەتایی سەرهەڵدانییەوە. جگە لەو سوودە زانستییە بەردەوامەیی بۆتە هۆی پێگەیاندنی کادیر و تیمە کوردییەکان کە بەژدارن لە پرۆسەیی هەڵکۆلینە شوێنەوارییەکان لەم دەڤەرە دا، هەروەها ناساند و پاراستنی ئەو پێگە شوێنەوارییانە و فراوانکردنی زانیارییەکان سەبارەت بەم گەلە کۆنە، لەم بارەیەوە چەندین پێگەیی گرنگیی ساسانیی کەوتۆنەتە سنووری دیاریی کراوی نێوان زێی بچوک و رووباری دیجلە دا و سالانە پێگە و گردیی شوێنەواریی زیاتر ئەدۆزرێتنەوە کە بێبەش نین لە چینە شوێنەوارییەکانی سەردەمیی ساسانیی بەهۆی دەوڵەمەندی خاکیی هەرێمی کوردستان لە روویی میراتیی شوێنەوارە. نمونەی شارۆچکەیی عەزە لە دەشتیی هەولێر، عەزە ناوەندێکیی کارگێریی و سیاسیی بووە بۆ دەوڵەتی ساسانیی بەهۆی ستراتیژیی شوێنەکەیی، ئەوکاتەی ناوی شاری هەولێر لە سەرچاوە ئیسلامی و کریستیانی دا زۆر بەکەمی ئەبیسترا لە سەدەکانی شەشەمی زاینی تاوەکو سەدەی دوازدەهەمی زاینی عەزە ناوی هاتووە، لێکۆلینەوەکان لە عەزە بەردەوامییان هەیە و بوونەتە هۆی دۆزینەوەیی دەرئەنجامی نوێ کە بە تەواوەتی زانیاری سەبارەت بە شارۆچکەی عەزە ئەخەنە روو وەکو ناوەندێکی کارگێری، هەروەها سەرەتایی دروست بوونی ئەگەرێنەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان بەهۆی دۆزینەوەی پارچەیی شوێنەواری لە رووبەریی زەوییەکانی عەزە. توێژینەوەکە دابەش کراوە بەسەر سێ تەوەر دا لە تەوەرەی یەکەم باس لە مێژوویی ساسانییەکان و بارودۆخی کوردستان لەم سەردەمە ئەکەین، تەوەرەی دووەم تەرخان کراوە بۆ ناساندیی پرۆژەکە گرنگەکانیی رووپێویی شوێنەواریی لە سنووریی دیاری کراویی توێژینەوە بە تایبەتی پرۆژەی رووپێویی شوێنەواریی لە دەشتی هەولێر ناسراو بە (ئیپاس) کە گرنگییەکیی زۆر ئەدات بە پیگە شوێنەوارییەکانی سەردەمیی ساسانیی، لە تەوەرەیی سێیەم دا پاشماوەی شوێنەواریی عەزەی نزیک لە شاری هەولێر وەرگیراوە وەکو نمونەیەکیی مەیدانیی توێژینەوەکە کە چەندین پاشماوەیی شوێنەواریی سەردەمیی ساسانیی تێدا دۆزراوەتەوە. جێگای داخە کە ئەم پێگە شوێنەوارییانە کە بەهۆیی کاری رووپێویی دۆزراونەتەوە تاوەکو ئێستا لایەنی بەرپرسیار هەڵنەستاوە بە دەست کردن بە هەڵکۆلین بە مەبەستی پاراستن و تۆماکردنی ئەم شوێنانەن و پشتراستکردنەوەیان چونکە تاوەکو ئێستا توێژەران بە شێوەی گیرمانە باسی لێوە ئەکەن. جگە لە مەترسی بەردەوامی لە ناوچوونییان بەهۆیی دەست درێژیی مرۆیی، بە هیوایی ئەوەی لە داهاتوو دا کاری زیاتر بکرێت بە مەبەستی هەڵکۆلینی ئەم پێگە شوێنەوارانە و پاراستنیان.

## ١.تەوەرەی یەکەم: مێژوویی ساسانییەکان و بارودۆخی کوردستان لە سەردەمی ساسانیی دا:

١-١ مێژووی ساسانییەکان:

لە سەرەتایی سەدەی سێیەمی زایینیی دا لەو کاتەی (ئەشکانییەکان) لە دژی ئیمپراتۆریەتی رۆم لە جەنگ دابوون، وڵاتی ئێران کەوتبووە گێژمەگێژی کێشە ناوخۆییەکان و کێشەی بنەماڵە خانەدانەکانیی، ئەمەش بووە هۆی درووستبوونی بۆشایی دەسەڵات و کێشەی رامیاریی بەرێوەبردن، لەبەر ئەم هۆکارانە دەوڵەتی ئەشکانیی لە زۆربەی ناوچەکانی دەسەڵاتیاندا بارودۆخیان لاواز ببوو، ئەم بارودۆخە بووە هۆی هاتنە کایەیی گۆڕانکاری نوێ لەو سەردەمە دا و بنەماڵەیەکی نوێ هاتە گۆرەپانی سیاسیی و ئایینیی ئێران و توانیان ئەم بۆشاییە بقۆزنەوە و بێنە گۆرەپانی دەسەڵات ئەوانیش بنەماڵەی ساسانییەکان بوون،(Daryaye,٢٠١٦,p١٧٧) مێژوویی بنەماڵەی ساسانیی سەرەتاکەیی ئەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتی ساسان باپیرە گەورەی بنەماڵەکە، هەر وەکوو دیارە ناویی دەوڵەتەکەش لە ساسانەوە هاتووە، ساسان خاوەن پێگەیەکی ئایینیی و کۆمەڵایەتیی بووە و کاهینیی گەورەی پەرستگایی ئاگریی ئاناهیتایی زەردەشتی بووە لە شاری ئەستەخر(جەمیل،٢٠١٣،ل١٠٣) دواتر لە دوای ساسانیی باپیرە گەورە کورەکەیی بەناوی پاباگ بەهەمان ئەرکی ساسان بووە کاهینیی پەرستگایی ماڵیی ئاگریی ئاناهیتا، پاباک پەیوەندیی لەگەڵ هەرێمە فارسەکان و پاشای دەوڵەتیی ئەشکانیی لە ئاستێکی باڵا دابووە، بەهۆی پەیوەندییە بەهێزەکەی توانیوویەتیی پاشایی ئەشکانییەکان رازی بکات کە کورەکەی ئەردەشێری بکاتە فەرماندەیەکیی سەربازیی لە هەرێمی ئەستەخر(کریستنسن،١٣٦٨،ص١٣٤) بەم هۆکارە باباک بە بناغەیی دامەزراندنی دەسەڵاتیی ساسانییەکان دائەنرێت، پاباگ سوودی لە دەسەڵاتی کورەکەیی ئەردەشێر بینی، دواتر ئەردەشێری کوڕی بابک توانی ببێتە دەسەڵاتداریی شاری ئەستەخر دوایی کوشتنیی حاکمی شارەکە و توانیی زۆربەی ناوچەکان بخاتە ژێر کۆنترۆڵیی خۆیی وەک هەرێمەکانیی فارس و کرمان، ئینجا داوایی لە پاشایی ئەشکانیی ئەردەوانیی پێنجەم کرد خۆیی بدات بەدەستەوە(العابد،١٩٩٩،ص٣٩)، ئەردەوانیی پێنجەم داواکەی ئەردەشێریی رەتکردەوە و ئەو بارودۆخەیی بەیاخیی بوون زانیی دژی دەوڵەتەکەیی. بەم جۆرە ئەردەشێریی کوری پاباک توانیی هێزێکیی زۆر کۆبکاتەوە هێرش بکاتە سەر هەرێمە فارسییەکان و دەست بەسەریان بگرێت و لە چەند جەنگێک دژی ئەشکانییەکان سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.(کریستنسن، ١٣٦٨، ص١٣٧) تا لە کۆتا جەنگی نێوانیان لە دەشتی (هورموزجان) لە شاری ئەحواز، ئەردەشێر توانیی سەربکەوێت بەسەر سووپایی ئەشکانیی و ئەردەوانیی پێنجەم بکوژێت، ئەردەشێر رایگەیاند جێگرەوەیی پاشا ئەشکانییەکانە و دامەزرێنەریی بنەماڵەیەکیی دەسەڵاتداریی نوێیە ئەویش بنەماڵەی ساسانییە، بەم جۆرە ساسانییەکان لە سەرەتایی سەدەیی سێیەمیی زایینیی هاتنە سەر شانۆیی رووداوەکان لە رۆژهەڵاتیی ناوەڕاستیی کۆندا و توانییان دەوڵەتیی ساسانیی دامەزرێنن(الجانبی، ٢٠١١، ص٢٩٥) هەوڵەکانیی ئەردەشێر بۆ فراوانکردنیی سنووریی دەسەڵاتیی لە ئەستەخری پایتەخت دەستیپێکرد، کاتێک بانگەشەیی بۆ وڵاتێکیی نوێ ئەکرد و بە دوایدا ناوچەکانی کرمان لە خۆرهەڵات و کەنارەکانی کەنداوی فارسی لە باشوور و ئەسفەهان لە باکوور و ئەهواز لە خۆرئاوایی داگیرکرد، پاشان دەستی بەسەر گشت ناوچەکانی ئێران و عێراق و کوردستان و ئازەربایجان و ئەرمەنستان و خۆراسان و خوارزم گرت، بەم هەوڵانەش بووە فەرمانڕەوایی ناوچەیەکیی فراوان. (الیعقوبی،١٤٢٥، ص١٢٩) نەخشەیی ژمارە(١)




نەخشەی ژمارە (١) وەرگیراوە لە: (https://www.britannica.com/topic/Sasanian-dynasty)

دامەزراندیی ئەو دەسەڵاتە رامیارییە و ئیمپراتۆریەتە ئەگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتنەکانی ئەردەشیر دژی نەیاران و رکابەرەکانیی کە بەدەستی هێنا، دواتر ئەردەشێریی کوڕی بابەگ لە پەرستگایی ئاناهیتایی شاری ئەستەخر لە رێورەسمێکیی ئاینیی لە ساڵی (٢٢٦ز) تاجیی شاهانەیی کردە سەریی و خۆیی وەک شایی شاکان (شاهنشا) ناساند، بەم جۆرە ئیمپراتۆریەتیی ساسانیی لەسەر بنەمای ئاینیی و پێگەیەکیی کۆمەڵایەتیی و رامیاریی بەهێز دامەزراند،(رجبی،١٣٩٧،ص٢٩) هاتنە سەر دەسەڵاتیی ساسانییەکان هەواڵێکیی دڵخۆشکەر نەبوو لەو کاتەدا بۆ ئیمپراتۆریەتیی رۆم، هەرچەندە رۆمەکان دەسەڵاتداریی بەهێزیی رۆژئاوا بوون و سنوورەکانیان نزیکیی دەسەڵاتیی ساسانییەکان بوو، بەڵام بەهۆیی کێشە ناوخۆییەکان لە نێوان فەرماندە پلەدارەکان و بنەماڵە خانەدانەکان و جەنگاوەرە دیارەکان، ئیمپراتۆریەتی رۆم بەرەو هەڵدێران هەنگاوی ئەنا.(Daryaye,٢٠١٦,p٤) رۆژهەڵاتیی ناوەڕاستیی کۆن بەرەو گۆڕانکاریی گەورە هەنگاویی نا، گۆڕانکارییەکان زۆربەی سنوورەکانیی گرتەوە بەهۆیی هاتنیی ساسانییەکان بۆ سەر دەسەڵات، ئەمەش بووە جێی سەرنجی ئیمپراتۆریەتی رۆم کە پیشتر دوژمنیی سەرسەختی دەوڵەتی ئەشکانیی بوو، بەهۆی بەهێزیی ساسانییەکانەوە بەرچاو روونی هەبوو لەلایەن رۆمەکانەوە لە داهاتوودا ئەکەونە رکابەریی و جەنگ لەگەڵ ساسانییەکانەوە،(علی،٢٠٠١،ص٤٤٤) ماوەیەکی زۆر لە حوکومڕانیی ساسانییەکان بەدەرنەبووە لە هونەر و زانست و فێرخوازیی کە پشکێکیی گەورەیی هەیە لە مێژوویی ئیمپراتۆریەتیی دەوڵەتیی ساسانیی دا، بەهۆی کاری بیناسازیی و بوونیادنان و زانینیی زانستە پزیشکیی و خوێندن و ئەدەب و موسیقا، کارە پیشەییەکان و بازرگانیی و درووست کردنیی شار و پەرستگا ئاینییەکان و کۆشکە شاهانەییەکان(Simpson,٢٠١٧,p٢١). فەرمانڕەوایەتیی ساسانییەکان چوار سەدەیی خایاند، بێگومان گەیشتن بەو مێژووە کۆنەی ساسانیی ئەوندەش ئاسان نەبووە، بەهۆی پیاهەڵدانی مێژوویی نووسەرەکان و ئەفسانەیی ساسانیی، بەڵام شوێنەوارەکانیی سەردەمیی شارستانێتیی ساسانیی یارمەتیی دەرێکیی تەواون بۆ دەرکەوتنیی مێژوویی ئەو سەردەمە (ئەکبەر،فەیرۆزمەندی،٢٠١٣،لا٥٠٥) هەروەها بە درێژایی ئەو

ماوە زۆرەیـی فەرمانڕەوایـیـان لـە ناوچەکـە دا بـەردەوام بـە هێـزی نەماونەتـەوە، بەڵـکـوو لـە چەندیـن قۆناغـدا دەسـەڵاتییان بـەرەو لاوازیـی و هەڵکشـان چـووە، مێژوونووسـانیی سـەردەمیی ساسـانیی سـەردەمیی دوایـی ئەردەشـێریی بـاوک و شـاپووریی یەکـەم بـە قۆناغـی لاوازیـی یەکـەم نـاوی ئەهێنـن (جەمیـل،٢٠١٨،ل١٢٤). قۆناغـی لاوازیـی یەکەمیـی ساسـانییەکان بەهـۆی هاتنـی چەنـد پاشـایەکیی بـێ هێـز و بـێ دەسـەڵات بـوو، کـە نەیـان ئەتوانیـی کاروباریـی دەوڵەتەکـە بەباشـیی بەڕێوەببەن، لـە بەرامبەر دا دەسـەڵاتیی خانەدانـەکان و میرەکان زیاتـر ئەبـوو بەشـێوەیەک تـا ئـەو رادەیەیـی لـە هەندێـک سـەردەم دا ئـەوان پاشـایان دیاریـی ئەکـرد یاخـوود لایـان ئەدا.(ئـازاد،٢٠١٨،ل٧٨) دەوڵەتیـی ساسـانیی لـەو ماوەییـە دا نەڕووخـا، بەڵـکـو سیسـتەمیی مەرکەزیـەت لاواز ببـوو و هەرێمـەکان هەوڵـی جیابوونەوەیـان ئـەدا، روودانیـی کودەتـا و ململانیـی و کێشـە ناوخۆیەکانیـی بنەماڵـەی ساسـانیی، زۆربـەی شـەڕەکانیی ساسـانیی لـە دژی رۆمـەکان و هێزەکانیـی نزیـک لـە سـنووری دەوڵـەت بـە شکسـتیی ساسـانییەکان تەواوبـوون و بـووە هۆیـی سازشـکردنیی چەنـد ناوچەیـەک لـە بەرژەوەندیـی دەوڵەتـی ڕۆم وەکـوو خاکیـی ئەرمینیـا و عێراق،(جەمیـل،٢٠١٨،ل١٢٤) دوای تەواوبوونـی سـەردەمی یەکەمـی لاوازیـی، قۆناغیـی بەهێزبوونـەوەی ساسـانییەکان دەسـت پـێ ئـەکات، مەبەسـت لـەو ماوەیـە ئیمپراتۆریـەت و بنەماڵـەی ساسـانیی بـەرەو بەهێزیـی و هەسـتانەوە هەنـگاوی ئەنـا بەهاتنـە سـەر تەختیـی چەنـد پاشـایەکیی بەهێـز، وەکـو خـەسرەو ئەنوشـیروان –کیـسرا(٥٣١-٥٧٩ز) ئـەو سـەردەمە بـە هێزتریـن ماوەکانـی حوکمداریـی ساسـانییەکان دائەنرێت،(دیکانـوف،١٨٣٠،ص٤٥٢) دوایـی مردنـی خـەسرەو ئەنوشـێروان دەوڵەتـی ساسـانیی بـەرەو لاوازیـی هەنـگاوی نـا بەهاتنـە سـەر دەسـەڵاتیی (هورمـزی چـوارەم ٥٧٩-٥٩٠ ز) کوریـی کیـسرا ئەنوشـێروان بـوو، دەوڵەتـی ساسـانیی بەنـاو کۆمەڵێـک کیشـەیی ناوخۆیـی گـوزەرەی ئەکـرد بەجۆرێـک دەوڵەت ببـووە دوو بـەرەی دژ بەیەک و کاریگەریـی خراپیـی خسـتە سـەر ساسـانییەکان، تـا لـە کۆتایـی دا کودەتا لـە دژی پادشـا هورمزیی چـوارەم روویدا و بـووە هـۆی کوژرانیـی و ئـەو ماوەیـەش سـەردەمی لاوازیـی دووەمیـی ساسـانییەکانە (دیکانـوف،١٨٣٠،ص٤٦٢)، دواتـر خـەسرەو پەرویـز (کیـسرای دووەم) (٥٩٠-٦٢٨ ز) توانیـی کودەتاچیـەکان لەناوبەرێـت و بێتـە سـەر تەختـی شـاهانەیی ساسـانییەکان، بـەڵام ساسـانییەکان نەیانتوانیـی بەرامبـەر هێرشـیی میرنشـینە عەرەبـەکان خۆیـان بگـرن و تێکشـکێنران، بـەم جـۆرە ئالۆزییـەکان بـەردەوام بـوون ئـەم سـەردەمەش هاوتـا بـوو لەگـەڵ دەرکەوتـن و بڵاوبوونەوەیـی ئاینیـی پیرۆزیـی ئیسـلام (کولسـنیکف و اخرون،١٣٨٩شمسـی، ص١١٣)، بەرلـەوەی ململانێیـی ساسـانییەکان و دەوڵەتیـی ئیسـلامیی بگاتـە ئاسـتێک کـە بـە جەنگـی سـەربازیی یەکلایـی بکرێتـەوە، بارودۆخیـی دەوڵـەت بـەرەو داڕووخانیـی رامیاریـی هەنـگاوی ئەنـا بەمـەش زەمینەیەکیـی خراپیـی رەخسـاند، ساسـانییەکان تووشـیی شکسـتیی گـەورە هاتـن لەهەمبـەر سـوپایی موسـڵمانان لـە جەنگـە مێژووییەکانـی نێوانییـان وەک (ژات السلاسـل، جەنگـی الجیـسر، جەنگـی نەهاوەنـد، جەلـەولا، قادسـییە) (کـمال، ١٩٧٤، ص١١) دوایـی شکسـتە سـەربازییەکان خۆریـی حوکومڕانیـی ساسانییەکان ئاوابـوو بەمـەش ئیمپراتۆریەتیـی ساسـانیی دوایـی چـوار سـەدە لـە فەرمانڕەوایـی کـردنی ناوچەکـە دا بەتەواویـی لەناوچـوون، لـە ماوەیـی حوکومڕانـی ئـەم بنەماڵەیـە سـی و پێنـج پاشـا فەرمانڕەوایەتیـی دەوڵەتـی ساسـانییان کـرد، لەسـەرەتایی درووسـتبوونیی ئیمپراتۆریەتیـی ساسـانیی تاکـوو رووخانی.(جەمیـل، ٢٠١٨، لا١٦٤)

## ۲-۱ کورد و ناوچەکانی لە سەردەمیی ساسانییەکان دا:

۱-۲-۱ کورد:

کورد توخمێکیی سەرەکیی ناوچەکەییە و مێژووەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمیی پێش مێژوو، سەبارەت بە بنەچە و باپیرانی کورد دیدگای جیاواز و بۆچوونیی جیاواز هەیە، سەرەڕایی ناکۆکیی نێوان مێژوونوسان، ئەوەی جێگای دڵنیاییە ئەوەیە ئەو ناوچەیەیی کورد خاوەنیەتیی پێی ئەگوترێی نیشتمانیی کورد و لە دێر زەمانەوە کورد لێی نیشتەجێی بووە.(عبدلواحید،۲۰۰۹،ص۹۷) سەبارەت بە سەردەمی ساسانییەکان کەمترین تۆماریی نا روون لە بارەیی دۆخیی هۆزە کوردییەکانیی ژێر دەسەڵاتیی ساسانیی هەیە، بەڵام مێژوونووسە موسڵمانەکان بە شێوەیەکیی تایبەتیی باسی کورد ئەکەن، لە سەرچاوەکانییان ئاماژە بەووە ئەکەن نزیکەیی (۲۵) هۆز و خێڵی کورد لە ناوچەکاندا بوونی هەبووە. (سافرستیان، بدون سنە، ص٤٤)

سەبارەت بە نیشتەجێبوونیی کورد، بەشێکییان لە ناوچە شاخاوییەکان ئەژیان و بەشەکانی تریش لە ناوچە دەشتاییەکان و زەوییە بەپیتەکان نیشتەجێببوون لە نێو گوند و شارەکان دا، بەشەکانی تری کوردیش وەک خێڵە کۆچەرییەکان و هۆزە شوانکارییەکان ئەژیان لە وەرزیی زستان و هاوین دا لە نێوان دەشت و چیاکانی ناوچەکە دا ئەجووڵان بە مەبەستی ئاژەڵداریی و کشتوکاڵکردن (کورد،۱۳۷۸هتاوی، ص۱۸) نیشتەجێ بوونیی کورد تەنیا لە ناوچەکانی خۆییی و باکوور و باکووری رۆژئاوا دا نەبووە، بەڵکوو لەناوچە سەرەکییەکان و هەرێمەکان و بەشەکانیی دەوڵەتیی ساسانیی بووە وەکوو (میدیا، دینوور، کرماشان، کرمان، فارس، ئەرمینیا، خراسان، مهابات، نهاوەند، همدان، حلوان، کنکور، سندج، حلوان....هتد) . دواتر ئەم شوێنانە بوونە شارە ساسانییەکان (عبدلواحید،۲۰۰۹،ص۹۸). دانیشتوانی ناوچە شاخاوییەکان زۆربەیان لە کورد پێک هاتبوون، لە سەردەمی دێرینەوە دانیشتوانیی سەرەکیی ناوچەکە کورد بوون، هەروەها هۆزە کوردییەکان فەرمانڕەوایی ئەو ناوچانە بوون، لەسەردەمی ئەشکانییەکان کەوتنە سەر ئیدارەیی دەوڵەتیی ئەشکانییەکان و سەرکردەیی کوردەکان ناویان لێنرا پادشا (شاه)، هەروەها کورد دانیشتوانیی شارەکانیی هەرێمیی شاخاویی و شارەکانیی نێوان رووباری دیجلە و فوراتە یاخوود بەشیی باکوور و رۆژئاواییی کوردستان، کۆمەڵێک شاری گرنگیت کوردیینە و زۆربەیی دانیشتوانەکەیی کورد بوونە وەک شاریی ئامەد و نواردشیر (موسڵیی ئێستا)، هەروەها شارەکانیی حەدیاب (هەولێر) و شەنگاڵ و نوسەیبین و ماردین و ئەرزن و حەسەن کیف، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونیی کورد و ناوچەکانیی لەو سەردەمانە بە تایبەتی سەردەمی ساسانییەکان.(الحموي،۱۹۷۷، ص۱۳۷) بەشێوەیەکی گشتی کورد پێش سەردەمیی ساسانییەکان، ناوچەکانی لە ژێر دەستیی ئەشکانییەکان و رۆمەکان دابووە و بە پێی هەڵومەرجیی رامیاریی و جەنگییی ناوچەکانیی گۆڕانکاریی بەسەر دا هاتووە، دوای ئەوەی ساسانییەکان هاتنە گۆڕەپانیی ناوچەکە توانیان بەشێکی زۆری ئەو ناوچانە داگیر بکەن بەتایبەتیی شارەکانیی نێوان دوو رووبار کە دانیشتوانەکەی کورد بوون، جگە لە هەرێم و شارە کوردییەکانیی رۆژهەڵات و ئێران، بە هەمان شێوازیی ئەشکانییەکان سەر بە دەوڵەتیی ساسانیی مانەوە.(عبدلواحید،۲۰۰۹،ص۹۸) لە سەرەتا دا ساسانییەکان دوایی ئەوەیی هاتنە سەر شانۆیی دەسەڵات بەهۆییی پەیوەست بوونیان بە ناوچەکان و هەرێمەکانیی ئەشکانیی زۆر گرنگیان بە سنوورەکانیی رۆژئاوا و باکووریی رۆژئاوا نەئەدا کە ناوچەی کوردنشین بوون و هەرچەند تا رادەیەک ئەم ناوچانە لە ژێر دەسەڵاتییان دابوو، بەڵام زۆر جار ئەو ناوچانە نیمچە سەربەخۆ بوونە وەکوو

هەرێمی حەدیاب (ئەدیابێن)، ئەمەش بەهۆیی سەرقاڵیان بە سەرەتایی دامەزراندیی دەوڵەت و ناساندیی ئاینیی فەرمیی وڵات و بە هێزکردنیی پێگەیی بنەماڵەی شاهانەیی ساسانییەکان.(عبدلقادر، ٢٠١٧، لا٤١) دواتر دوایی نزیکەیی دە ساڵ ساسانییەکان هەنگاویان نا بەرەو فراوانخوازیی سنوور و داگیرکاری زیاتر، ئەمەش دوای بەهێز بوونی پێگەی دەوڵەت و بنەماڵە، یەکەم هەنگاویان نا بەرەو ناوچەکانیی کوردستان و عێراق، بەهۆیی نزیکییان لە سنووری بێزەنتییەکان. ساسانییەکان ناوچەکانیی کورد نشینیان وەکوو قەڵایەک ئەبینیی بۆ بەرەنگاریی، زۆرجار لە لایەن هۆزە تورکەکان لە سنووری باکووریی رۆژهەڵات فارس هێرشیان ئەکرایە سەر بۆیە پاشا ساسانییەکان گرنگییان بەو ناوچانە ئەدا و ژمارەیەکیی زۆر لە کوردییان نیشتەجێ ئەکرد بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەم داگیرکارییە و بەرگریکردن لە وڵاتەکەیان.(سافراستیان، بدون سنه، ص٤١) بەکارهێنانی کورد و بەشداریی کردنییان لە شەڕەکان بابەتێکیی نوێی نەبوو لە سەردەمیی ساسانییەکان، چونکە پێشتریش لە سەردەمی ئەخمینیی و ئەشکانیی و دەوڵەتیی رۆمایی کۆن بەشداری جەنگەکانییان ئەکرد بێ ئارەزوویی خۆیان، بێزەنتییەکان هەمان سیاسەتییان رەچاو ئەکرد و ئەم شێوازە مامەڵەکارییەش تاکوو سەردەمیی ئیسلامیی لە ساڵیی (٦٣٢ز) بەردەوام بوو، دواتر بارودۆخێکیی نوێ هاتە ئاراوە لە رۆژهەڵاتیی نزیکیی کۆن دا، سەبارەت بە بارودۆخیی کورد، کوردەکان بۆ بژێوی ژیانیان پشتیان ئەبەست بە بەخێوکردنیی ئاژەڵ و بەشێکی زۆریان خەریکی کشتوکاڵ کردن بوون بەهۆیی هەڵکەوتەیی جوگرافیی کوردستان و دەوڵەمەندیی خاکەکەیی، هەرچەندە لە ژێر بارودۆخێکیی سەخەت و دژوار دا خەریکیی کارەکانییان بوون بەهۆیی بوونیی رێژەیەکیی زۆر لە باج لەسەر پیشەکانییان لە هەرێمەکاندا، هەروەها بەشێکیی تریان بە پیشەکانیی تر خەریکبوون وەکوو بازرگانیی و پیشە دەستییەکان.(نیکیتین،١٩٥٨،ص٤١) سەبارەت بە پۆستیی کارگێڕیی لە نێو دەوڵەتیی ساسانیی دا، سەرچاوەکان ئالۆزن سەبارەت بەو بابەتە، پێئەجێت گرنگترین پۆستی کوردەکان سەرۆکیی رۆحانییەکان (موغان) بێت، ئەم کەسایەتییە روحییەیی ئاینییی بنەچەیان ئەگەڕێتەوە سەر خانەدانەکانیی دەوڵەتی ماد (میدیا)، لەلایەن پاشا و بنەماڵەی شاهانەیی رێزیکیی زۆریان ئەگیراو دەستیی باڵایان هەبوو لە حوکومەتدا، هەروەها کوردەکان پۆستیی کارگێڕیان وەرگرتووە لە ئەستەخەریی پایتەخت، بۆ وەرگرتنیی باج و خەراجەکان لە شار و هەرێمە کوردییەکان و ناوچە کوردنشینەکان لە رۆژانی دەوڵەتیی ساسانیی لەلایەن سەرۆک و میرە کوردەکانەوە نوێنەریی پادشایی ساسانیی بوون لەم ناوچانە دا، بە یارمەتیی ژمارەیەک لە فەرمانبەرانیی دەوڵەت باجیان بۆ ناوەند کۆ ئەکردەوە لە ناوچەکانیی کوردستان.(الاصطخري،١٩٦١، ص٧١)

٢-٢-١ سنوری کوردستان:

سنووری کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتیی ساسانیی دا لە نێوان دوو دەسەڵاتیی باڵا دەستیی رۆژهەڵاتیی نزیکی کۆن دابەشکرا لە نێوان ساسانییەکان و بێزەنتییەکان، بەردەوام ناوچەکە و سنوورەکانیی کورد جەنگیی درێژ خایەنیی بەخۆیەوە ئەبینیی، بەهۆیی جەنگەکانەوە بەردەوام لە بارودۆخێکیی نا ئارام دابووە. (کردستانی، بی سال، ص٣٠) زۆرجار ساسانییەکان سەرکەوتوو ئەبوون و دەسەڵاتیان ئەگەیشتە کەنارەکانیی دەریایی ناوەڕاست بە پێچەوانەشەوە هەندێک جار دەسەڵاتی بێزەنتییەکان زاڵدەبوو بەسەر ئەم ناوچانە، کەواتە خاکیی کوردستان بۆ ماوەیەکیی زۆر ملکەچیی هیچ هێزێک نەبووە لەو سەردەمەدا بەهۆیی

گۆڕانکارییەکانیی ناوچەکە، بەشێوەیەکیی گشتیی ناوچە کوردستانییەکان زیاتر لە ژێر دەستیی ساسانییەکان بوون ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ نزیکیی سنووریی کوردستان لە دەوڵەتیی ساسانیی و هەڵکەوتەیی جوگرافیایی کوردستان بە تایبەتیی ناوچە شاخاوییەکانی کە لە ژێر دەستیی ساسانییەکان بووە و داگیر کردنی ئەستەم بووە بۆ بێزەنتییەکان و هێزەکانیی تری ناوچەکە.(رشید و اخرون،١٩٩٠، ص١٣٨)

هەندێک لە مێژوونووسەکان لە باسکردنیی شارەکانیی سەر بە هەرێمە کوردییەکان خۆیان بە دوور ئەگرن، ناوچە کوردییەکان لە رۆژهەڵات دا هاوسنوور بوون لەگەڵ ناوچەکانیی خۆراسان و فارس و ئەسفەهان، لە رۆژئاوا دا لەگەڵ دەشتیی شارەزوور و عێراق و هەرێمیی ئازربایجان، بەشەکەی تری وڵاتی کورد ناوچەکانی رۆژهەڵات و باکووری رۆژهەڵات ئەگرێتەوە، واتە ئەو ناوچانەی کە هاوسنوورن لەگەڵ رووباری دیجلە دا کە بە چیا سەختەکان دەورە دراون و دەشتی فراوانیی هەیە لە شارەزوورەوە تاکوو شاری ئامەد کە کورد تێدا نیشتەجێ بووە،(ابن حوقل،١٩٩٢،ص٣٠٧) پاشان سنووری کوردستان زیاتر فراوان ئەبێت و درێژ ئەبێتەوە بۆ ناوچەی زێیی گەورە و زێیی بچووک، لە نێوانیان دا شارەکان هەن کە بە شارەکانی جزیرە ناسراون مەبەستیان لەو شارانەیە کە ئەکەونە نێوان هەردوو زێیی بە تایبەتی شاری هەولێر، دواتر درێژ ئەبێتەوە بۆ شاری موسڵی ئێستا و هێڵی سنوورەکە ئەگاتە ناوچەیی هەکاریی کوردنشین و لە سنووری ئەرمینیا کۆتایی دێت.(الحموي،١٩٧٧،ص١٣٨) شارە کوردییەکان و هەرێمەکانیی بە تایبەتیی شاری نوسەیبین لە باکووری کوردستان هێڵی پێشەوەیی دەوڵەتیی بێزەنتییان پێک ئەهێنا لە کاتێکدا هەر دوو شاری ئامەد و روها هێڵیی پشتەوەی دەوڵەت بوون بەردەوام لە بەرامبەر هێرشی ساسانییەکاندا بوون، بە شێوەیەکی گشتی هەموو شارەکانی هەرێمە کوردییەکان پشکی خۆیان لە شەڕ و وێرانکاریدا بەرکەوتبوو.(عبدالواحید، ٢٠٠٩، ص٢٠)

## ٢.تەوەرەی دووەم: رووپێویی و هەڵکۆڵینی شوێنەواریی لە نێوان زێیی بچووک و رووباری دیجلە دا:

٢-١ رووپێویی و هەڵکۆڵینیی شوێنەواریی لە سنووریی لێکۆڵینەوە:

وڵاتی عێراق بە هەرێمی کوردستانەوە زۆرترین ژمارەی شوێنیی شوێنەواریی لێ تۆمار کراوە و بەردەوام ژمارەکان گۆڕانکارییان بەسەر دادێت بەهۆیی دۆزینەوەیی ناوچەیی شوێنەواریی زیاتر، لە رێگەیی رووپێویی و کنە و پشکنینیی شوێنەوارییی لە لایەن تیمە ناوخۆیی و بیانییەکانەوە.(konstantinos and p١,٢٠١٥,others) لە دەیەکانی رابردوویی ساڵانی شەست و حەفتاکان پرۆسەیی رووپێویی شوێنەواریی لە عێراق سنووردار کرابوو، هەروەها دوور لە لێکۆڵینەوەیی داهێنەرانە بوو، بە هۆکارە رامیارییەکان، ئەو کنە و پشکنینە شوێنەوارییەیی ئەنجام ئەدرا تەنیا لە چەند ناوچەیەکیی دیاریکراو دابووە.(لوید، ١٩٩٣، ص١٣)

ئەوەی تایبەت بە لێکۆڵینەوەیی شوێنەواریی لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی زۆر کەم کنە و پشکنینیی شوێنەواریی ئەکرا بە جۆرێک ئەتوانین بڵێین قەدەغەکراو بوو، جگە لەوەی رێگر بوون لەبەردەم دامەزراندنیی دامەزراوەیی تایبەت بە شوێنەوار لەو ناوچانە و چالاکیی زانکۆیە کوردییەکان بەهۆیی هزریی نەتەوە پەرستیی و کێشە سیاسیی و دژایەتیی مێژوویی کورد لە لایەن حوکومەتیی ئەوکاتەیی عێراقەوە،(p٢,٢٠١٥,Konstantinos and others) ئەوەش رێگر بوو لە بەردەم دۆزینەوەیی ناوچە شوێنەوارییەکان و مێژوویی و تەنانەت شوێنە گەشتیارییەکان، نەبوونی زانیاریی پێویست لەسەر پاشماوەیی شوێنە شوێنەوارییەکان بووە هۆکاری لەناوچوونی دەیان پارچە شوێنەوار و شێواندنیی پاشماوە


شـوێنەوارییەکان و دەسـت درێـژی کردنـە سـەریان، جگـە لـە کڕیـن و فرۆشـتنی شـوێنەوارەکان و هەنـاردە کردنیـان بـۆ دەرەوەی کوردسـتان بـە مەبەسـتیی کاریـی قاچاخچیـەتی و سـوود وەرگرتنیـی ماددیـی، وەکـوو پرۆسـەیی ئەنفالیـی شـوێنەوارەکانیی کوردسـتان نـاو ئەهێنرێت،(توێژینـەوەی سـەندیکا،٢٠٠٧،لا٤٠) دوایـی رووخانیـی حوکومەتیـی عێراقـی لـە سـاڵی (٢٠٠٣ز) و سـەقامگیر بوونیـی سیاسـیی لـە هەرێمـی کوردسـتان قۆناغـی نوێـی ئارمیـی کۆمەڵایەتیـی و نیشـتیمانیی لـە کوردسـتان بەرجەسـتە بـوو، بێگوومـان سـەقامگیری لـەو شـێوەیە بـۆ بەڕێوەبردنـی کاری شـوێنەواریی پێویسـتە، چونکـە کوردسـتان بەشـێکیت سـەرەکییی میزوپۆتامیایە، ئـەوەش رێـگا خۆشـکەر بـوو بـۆ هاتنـی زانکـۆ و تیمـە شـوێنەوارییەکان و ناوەنـدە زانسـتییە بیانییـەکان بـە مەبەسـتیی لێکۆڵینـەوە و رووپێویـی و کنـە و پشـکنینیی شـوێنەواریی، چونکـە هەرێمـی کوردسـتان شـوێنی هەندێـك لـە شـوێنەوارە گرنگەکانیـی جیهانـە لـە سـەردەمیی بەردینیـی کۆنـەوە تـا سـەردەمی ئیسـلامیی و دوایـن رابـردوو، ئـەو شـوێنانەش بریتییـن لـە پەناگەیـی ئەشـکەوتەکان و نیشـتەجێ بوونـی ئیمپراتۆریەتـە دێرینـەکان و جۆگەیـی بەردیـن و قـەڵا و پـرد و مزگـەوت و دێـر و بـازارەکان ...هتـد، بـۆ چەندیـن سـاڵ گـەڕان بـەدوای شـوێنەوارەکان راوەسـتابوو بـە هۆکاریـی کێشـە ناوخۆیـی و دەرەکییـەکان، بـەڵام لـە دەیەیـی رابـردوو چالاکیـی شـوێنەواریی لـە کوردسـتان سـەرهەڵدانەوەیی بەخۆیـەوە بینیـووە تـا ئـەو رادەیەیـی بووەتـە یەکێـک لـە گرینگتریـن ناوچەکانـی لێکۆڵیینەوەیـی شـوێنەواریی لـە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دا، بـەم شـێوەیە دەسـتیان کـرد بـە گرێبەسـت کـردن لەگـەڵ بەڕێوبەرایەتیـی گشـتیی شـوێنەوار و بەڕێوبەرایەتییـە خۆجێییەکانـی پارێزگاکانیـی هەرێـمی کوردسـتان و زانکۆیـە ناوخۆییـەکان، بـە ئامانجیـی کارکـردن و هەماهەنگیـی هاوبـەش لـە پێگـە شـوێنەوارییەکان، دامەزراندنیـی چەنـد پەیمانگایەکـی شـوێنەواریی وەکـوو (پەیمانـگای عێراقـی بـۆ پاراسـتنی شـوێنەوار و کەلەپـوور).((p١٣٥,٢٠١٦,Konstantinos and Others

ئـەم کارانـە بـە بـێ هـاوکاری دەزگا ناوخۆییەکانـی هەرێـم و شوێنەوارناسـە ناوخۆییـەکان نەئەکـرا، زۆر جـار کەموکورتییـەکان ئەگەڕێنـەوە بـۆ هەڵومەرجـی ئـەوەی نەتەوەیـی کـورد خـاوەن وڵاتیـی خۆیـی نەبـووە، لـە ماوەیـی رابـردوو شوێنەوارناسـانی عـەرەب و تـورک و فـارس هەوڵیانـداوە لێکۆڵینـەوە شـوێنەوارییەکان بەپێـی ئەجێندایـی خۆیـان چ لـە رووی ئایینـەوە یـان ئایدۆلۆژییـەوە لایەنگریـی بکـەن لـە شارسـتانێتەکانی ناوچەکـە دا، هەرێمیـی کوردسـتان بـووە شـوێنیی کارکردنیـی زانکـۆ و تیمـە ناوخۆیـی و بیانییـەکان لـە پێگـە و شـوێنە شـوێنەوارییەکان، زۆربـەی کارەکان بـە هاوبەشـیی بـوون یاخـود تیمەکانیـی ناوخۆیـی سـەر بـە زانکـۆ و بەڕێوبەرایەتییـە شـوێنەوارییەکان لـە زۆر شـوێن بـە تەنهـا دەسـتیان بـە کارەکانیـی رووپێویـی و کنـە و پشـکنینیی شـوێنەواریی ئەکـرد، نموونەیـی گردیـی نـادر و گردیـی باقرتـە. (Konstantinos and others p٢٣,٢٠١٣) چالاکیـی تیمـە ناوخۆیـی و بیانییـەکان خۆیـان ئەبینییـەوە لـە (کنـە و پشـکنین، رووپێویـی، چارەسـەکردن و نۆژەنکردنـەوە، پاراسـتنی پارچـە شـوێنەوارییەکان،...هتد) هەندێـک جاریـش بـە مەبەسـتیی راهێنانـی شوێنەوارناسـە ناوخۆییـی و قوتابیانـی شـوێنەوار بـوو بـە ئامانجـی فێرکـردن و راهێنانیـان بەسەرپەرشـتیی مامۆسـتایان و کەسـانیی پسـپۆر لـە بـواری هەڵکۆڵیـن، هـەر وەکـوو لـە گـردی کلـک مشـک لـە هەولێر.(ابراهیـم،٢٠١٤،لا٩٣) مەبەسـتی ئێمـە لـەو تەوەرەیـە دا باسـکردنیی پرۆژەکانـی هەڵکۆڵینیـی شـوێنەوارییە لـە ناوچەیـی سـنووریی دیاریـی کراویـی لێکۆڵیینـەوە دا بـە ئامانجـی دەستخسـتنیی زانیاریـی سـەبارەت بـە ماوەیـی ساسـانییەکان، بەتایبەتیـی لـە پرۆژەیـی رووپێویـی شـوێنەواریی لـە دەشـتی هەولێـر نـاسراو بـە (ئیپـاس)، لـە خاڵێـک تاکـوو زۆرتریـن دڵنیایـی چینەکانـی ساسـانیی تێـدا بەدەرکەوتـووە، چ بەهۆیـی رووپێویـی شـوێنەواریی بێـت یاخـوود دۆزینەوەیـی پارچەیـی شـوێنەواریی سـەردەمیی ساسـانییەکان، تاکـوو

ئەمــڕۆ کارە شــوێنەوارییەکان و دۆزینەوەیــی ناوچــە شــوێنەوارییەکان بەردەوامــن لــە هەرێمــی کوردســتان بــە گشــتیی و ســنووریی ناوچەیــی لێکۆڵینــەوە بــە تایبەتیــی، لــە لایــەن تیمــە ناوخۆیــی و بیانییــەکان و ناوەنـدە زانسـتییە شـوێنەوارییەکان، کارەکان خۆیـان ئەبیننـەوە لـە (رووپێویـی، کنـە و پشـکنین، توێژینەوەیـی زانسـتییی، پاراسـتن و نۆژەنکردنەوە...هتـد) بەتایبەتیـی لـە دەشـتی هەولێـر، لـەم گۆشـەییەوە دەشـتیی هەولێر یەکێکــە لــە دەوڵەمەندتریــن شــوێنەوارەکانیی هەرێمــی کوردســتان و کۆمــاری عێــراق، ئەمــەش لــە روویــی شــوێنەواریی بــۆ هــەر یــەک کیلۆمەتــر چوارگۆشــە، کــە چەندیــن نشــینگە گەورەکانــی ســەردەمیی ساســانیی تێــدا دۆزراوەتــەوە.(p١٤,٢٠١٤,Ur)

٢-٢ پرۆژەیی رووپێویی شوێنەواریی لە دەشتیی هەولێر (ئیپاس) :(The Erbil Plain Archaeological Survey)

پرۆژەیـی رووپێویـی شـوێنەواریی لـە دەشـتیی هەولێـر نـاسراو بـە (EPAS)، هاوکارییەکیـی زانکـۆی هارڤاردیـی ئەمریکییــە لــە نێــوان شوێنەوارناســانیی بیانــی و ناوخۆیــی هەولێــر، بەسەرپەرشــتیی (جەیســن ئــور-Jasson Ur) مامۆسـتایی شـوێنەوار لـە بەشـی مرۆڤناسـیی زانکۆیـی هارڤـارد، پرۆژەیـی ئیپـاس، لێکۆڵینـەوە لـە جێگیرکـردن و بەکارهێنانــی زەوی ئــەکات لــە دەشــتیی هەولێــر لەســەردەمیی بەردینیــی نوێیــەوە تاکــوو ســەردەمیی ساســانیی و ســەردەمیی ئیســلامیی، بــە جۆرێــک خەریکــی بــە بەڵگەنامەکردنــی مێژوویــی نیشــتەجێ بوونــی دەشــتیی هەولێرە، هەروەهــا دیمەنــی نیشــتەجێ بــوون نیشــان ئــەدات لــە ناوچەیەکیــی گرنگیــی گەورەیــی کۆمەڵایەتیــی و رامیاریــی کــە درێژکراوەیــی مێژوویــی شــاریی هەولێریــی دێرینــە،(٢٠٢١,Ur and Others) رووبــەری پرۆژەکــە (٣٢٠٠)کــم چوارگۆشــەییە، لــە دەورووبــەری شــاریی هەولێــر، ســنووریی پرۆژەکــە لــە چەنــد لایەکــەوە بــە رووبــارەکان دیاریی کــراوە، زێــی ســەروو و زێــی خــواروو، رووبارەکانیــی بەســتۆرە بەشــە ئــاوی نێــوان دەشــتی هەولێــر و رووباریــی شــەرگات ســنووریی رۆژهەڵاتیــی پرۆژەکــە دیاریــی ئــەکات، گردەکانــی عەوێنــە دەشــتەکە لــە دەشــتی دیبەگــە و کەندینــاوە دابــەش ئەکــەن و ســنووری باشــووری رۆژئــاوا پێکئەهێنــن، دەشــتەکە خاکــی قوڵیــی شــلەی تێدایــە و رووبارەکانــی شیوەسـۆر و کوردەراچـای ئەبرێـت. (نەخشـەیی ژمـارە٢)




نەخشەی ژمارە(٢) وەرگیراوە لە: (Jasson Ur-The physical geography of the Erbil Plain Season١_٢٠١٢_p٣)

پرۆژەكە بە روونیی لێكۆڵینەوە لە دیمەنیی دەوڵەمەندیی مێژوویی دەشتیی هەولێر ئەكات، پێشتر ناوكیی ئیمپراتۆریەتیی ئاشوریی نوێ بووە و شوێنیی دانیشتوانیی هەموو قۆناغەكانیی رابردوو تۆمار ئەكات لە سەردەمیی بەردینیی نوێیەوە تاكوو سەردەمیی برۆنزیی و ساسانییەكان. گەشەیی شاری هەولێر زۆر خێرا روو ئەدات ئەمەش وائەكات لێكۆڵینەوەكان ناوچەیەكیی فراوان بگرێتەوە لە دەشتیی هەولێر بەهۆیی مەترسییەكان لەسەر پێگە و گردە شوێنەوارییەكان و كارێز و رێرەوەكان و تەواویی پاشماوەیی شوێنەوارییەكانیی تریی دەشتەكە، بەم شێوەییە سیستەمیی مەیدانی بە بەڵگە ئەكات.(p١٥٣,٢٠١٩,Ur and Blossom) هۆكاریی هەڵبژاردنیی شوێنیی پرۆژەكە بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە هەرێمی كوردستان یەكێكە لە شوێنە هزرییەكانیی لە دایكبوونیی لێكۆڵینەوە لە شێواز و دیمەنە كۆنەكانیی نیشتەجێ بوون، بەڵام لە چلساڵی رابردوو دا لێكۆڵینەوەیی داهێنەرانە لە رۆژهەڵاتیی نزیك دا تەنیا لە ناوچەكانیی تر ئەنجام دراوە، بە هۆكاریی سیاسیی ناوخۆیی عێراق جگە لەوەیی لە هەرێمی كوردستان رووپێویی بیانی قەدەغە كرابوو، هەروەها پێشتر (جەیسون ئور) سەركردایەتیی لێكۆڵینەوەكانیی دیمەنە كۆنەكانیی (سووریا، ئیران، توركیا) كردبوو، ئەم پرۆژانە چەند گریمانەیەكیی بۆ ئاشكرا كردن كە پێئەچوو شارستانێتی میزۆپۆتامیا لە عێراق و هەرێمی كوردستانەوە سەریی هەڵدابێت، ئەمەش بووە هێنانە كایەیی پرۆژەیی رووپێویی شوێنەواریی لە دەشتی هەولێر (Ur and Others)، (p٨٩,٢٠١٢,EPAS)، جگە لە ناسینەوەیی سەرەتایی شوێنە شوێنەوارییەكان ئامانجێكی تریی پرۆژەی EPAS))ە، سەبارەت بە تایبەتمەندی دیمەنە سروشتییەكان و بە داتاكردنیان لە رێگەیی ئامێرەكانیی هەستكردن لە دوورەوە كە پێكئەهاتن لە وێنەیی ئاسمانیی و مانگیی دەستكرد، ئەو شوێنانەیی لەسەرچاوە مێژووییەكان و مانگە دەستكردییەكان ناسراون پێویستە لەسەر زەوی پشت راست بكرێنەوە (p١٥٣,٢٠١٩,Ur and blossom). ئامانجێكیی تری لێكۆڵینەوە پەیوەندیی بە دیمەنیی دوای ئاشورییەوە هەیە، بە تایبەتیی چۆن دەشتی هەولێر لەگەڵ سەردەمیی هێلینستیی و رۆمانیی و فارسیی گونجاوە، لەگەڵ داگیركردنی دەشتی هەولێر لە لایەن ساسانییەكانەوە و دەست بەسەر داگرتنیی سوریا لە لایەن رۆمەكانەوە لە ناوەڕاستیی سەدەیی یەكەمیی پ.ز، دەشتیی هەولێریی راكێشا بۆ خاڵی كێبڕكێیی نێوان هەردوو هێز دا.(p٩١,٢٠١٢,Ur and Others)

مەبەستێكی تریی پرۆژەكە بەشدارییكردنی شوێنەوارناسە ناوخۆییەكانە لە تەكنیكیی شوێنەوارناسیی و راهێنانیان لە دیمەنە سروشتییەكان و رووپێویی و هەڵكەندنیی شوێنەواریی، بە جۆرێك لە نەبوونی تیمە بیانییەكان بتوانن كارەكان ئەنجام بدەن، هەروەها فێركردنییان لە گشت ئامێرە دیجیتاڵییە پێشكەوتووەكانیی بواریی شوێنەواریی، جگە لە ئامانجە روون و گرنگەكەیی پرۆژەیی رووپێویی شوێنەواریی لە دەشتی هەولێر، كە بریتییە لە پاراستن و بەرنیاز كردنیی دەشتەكە لە روویی شوێنەوارییەوە بە ئامانجی نەهێشتنیی مەترسیی بۆ سەر شوێن و گردە شوێنەوارییەكانیی، هەروەها ئەبێتە هۆی ئەوەی شوێنە گرنگەكانیی مێژوویی و شوێنەواریی بخرێنە بەردەستیی بڕیاردەرانیی بەڕێوبەرایەتیە شوێنەوارییەكان و ناوەندە جیهانیەكانیی پەیوەست بە بواری شوێنەوارییەوە.((p٢,٢٠١٢,Ur

پرۆژەكە پێش دەستكردن بە كاریی مەیدانیی، زۆرترین داتا و زانیاری سەبارەت بە سنووریی لێكۆڵینەوەیی كۆ ئەكردەوە، لە روویی میژوویی و شوێنەوارییەوە لە سەر دیمەنە كۆنەكانیی دەشتیی هەولێر، هەروەها پشت بەستن بە سەرچاوە مێژووییەكان و پرۆژەكانیی پێشتری ناوچەكە( p٩٠,٢٠١٢,Ur and Others) لە وەرزەكانیی سەرەتا پرۆژەكە سوود ئەبینێت لە وێنەكانیی مانگیی دەستكرد، بە تایبەت وێنەكانیی (CORONA,ASTER)، وەكوو دوو جۆریی شیكاریی هەستكردن لە دوورەوە بەكار ئەهێنرێن بۆ ناسینەوەی

رێـرەوە کۆنـەکان و پێگـە شـوێنەواریی و سیسـتەمیی ئاودێریـی، هەروەهـا گشـت ئەندامانـی بەشـداربوو لـە تیمـە شـوێنەوارییەکە، بەرنامەکانیی (GIS)یـان لەسـەر مۆبایلـە زیرەکـەکان بەمەبەسـتی رێنـمای کردنـی سـنووری ناوچەکانـی لێکۆڵینـەوە بـەکار ئەهێنـا، لەگـەڵ سـوود وەرگرتـن لـە بەرنامـەی((Google Earth و بەرنامەکانیـی تـری هەسـتکردن لـە دوورەوە (Ur and blossom). (p١٥٣,٢٠١٩,Remote sensing) بڕیاردەرانـی پرۆژەکـە زۆریـی پشـت بەسـتن بـە وێنەیـی مانگـی دەسـتکرد و ئامێرەکانیـی تـر بـۆ ناسـینەوەیی تایبەتمەندیـی شـوێن و دیمەنیـی سروشـتیی ئەگەڕێنـەوە بـۆ قەبارەیـی فراوانیـی ناوچەیـی رووپێویەکـە نەتوانـراوە بـە شـێوازیی پیـادە یاخـوود ئۆتۆمێـل چارەسـەر بکرێـت، جگـە لـەوەی کاتێکیـی زۆریشـیی پێویسـت بـوو، لـەوەش گرنگـتر هێزیـی سەرنجڕاکێشـیی مانگیـی دەسـتکرد بـۆ چارەسـەر کردنیـی پاشـماوە شـوێنەوارییەکانیی دەشـتیی هەولێـر، پڕۆژەیـی رووپێویی شـوێنەواریی لـە دەشـتیی هەولێـر تاکـوو ئێسـتا بەردەوامـە، جگـە لـە ساڵەکانی (٢٠١٥-٢٠١٤) بەهۆیی شـەڕی داعـش کاریـی مەیدانیـی نەکـرا و هەروەهـا لـە سـاڵی (٢٠٢١-٢٠٢٠) بەهۆیـی بڵاوبوونەوەیـی نەخۆشـیی پەتایی کۆرۆنـا (کۆڤیـد١٩) ببـووە بەربەسـت بـۆ کارەکان و هاتنـی ئەندامانـی تیمـی بیانی ئیپـاس، پڕۆژەکـە تاکوو ئێسـتا لـە نـۆ وەرزیـی مەیدانیـی دا کاری کـردووە لـە ناوچـەی دیـاری کراویـی سـنووریی لێکۆڵینـەوە کـە دەشـتی هەولێـرە، هەروەهـا لـە سـاڵیی (٢٠٢٢) گرێبەسـتیی کارکردنیـی لەگـەڵ بەڕێوبەرایەتیـی شـوێنەواریی هەولێـر نوێی کـردەوە تـا سـاڵی(٢٠٢٦) لـە ژێـر رۆشـنایی بەڕێوبەرایەتیـی شـوێنەواریی گشـتی هەرێمی کوردسـتان بە مەبەسـتی درێـژەدان بـە ئەنجامدانیـی رووپێویـی و توێژینـەوە شـوێنەوارییەکانیی ئـەو دەڤـەرە.(P١٨١,٢O١٧,Ur) هۆکاریـی هەڵبـژاردن و لێکۆڵینـەوە لـەم پرۆژەیـە ئەگەڕێتـەوە بـۆ خاڵـی هاوبەشـیی نێـوان توێژینەوەکەمـان و پرۆژەکـە، ئەویـش کارەکانـی مەیدانیـی پـڕۆژەی ئیپـاس ئەکەوێتـە سـنووریی توێژینەوەکەمـان، هەروەهـا لێکۆڵینـەوە لـەم پرۆژەیـە لـە چەنـد لایەکـەوە سـوود ئەگەیێنێـت بـە توێژینەوەکـە، بـە شـێوەیەکی گشـتی زانیـاری سـەبارەت بـە مێـژوو و شارسـتانێتیی دەشـتی هەولێـر و ناسـاندنی دیمەنـە کۆنەکانـی ئـەم دەشـتەییە، زانیاریـی سـەبارەت بـە جوگرافیـا و رامیاریـی جوگرافیایـی ناوچەکـە و شـێوازیی شارنشـینیی سـەردەمەکانیی و گشـت شـوێن و پێگـە شـوێنەوارییەکانیی دەشـتی هەولێـر، ئاگاداربـوون سـەبارەت بـەو شـوێنانەی مەترسـیی لـە ناوچوونیـان لەسـەرە بەهـۆی گەشەسـەندنیی شـارەکە و پرۆژەکانیـی بەرهەمهێنـان لـە هەمـوو روویەکـەوە، هەروەهـا بـە شـێوەیەکیی تایبـەت سـوود بینیـن لـە زانیارییـە تایبەتیەکانیی راپۆرتەکانیـی پرۆژەکـە، کـە لـە کۆتاییـدا بڵاوئەبنەوە سـەبارەت بـە وەرزەکانیـی مەیدانیـی، جگـە لـە خاڵـی جەوهەریـی ئامانجەکەمـان لـەم پرۆژەیـە دا گشـت ئـەو شـوێنە شـوێنەواریانە چینێـک لـە چینەکانـی سـەردەمی ساسـانیی تێـدا بڵاوبۆتـەوە یاخـوود جێـگای گوومانیـی بەڕێوبەرانیـی پرۆژەکـەن کـەوا سـەردەمیی ساسـانییەکانە، ئەمـەش بـووە یارمەتیـی دەرمـان بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە چەنـد پێگەیەکیـی سـەردەمیی ساسـانییەکان بـە شـێوازێکیی مەیدانیـی بـۆ دەوڵەمەنـد کردنیـی توێژینەوەکەمـان.

٢-٢-١ سەردەم و پارچە شوێنەوارییەکانی ماوەیی ساسانیی لە نێو پرۆژەی رووپێویی (ئیپاس-(EPAS:

ئیمپراتۆریەتیـی ساسـانیی توانـای گۆڕینیـی دیمەنیـی گەورەیـی هەبـووە لـە ناوچـەی سـەرەکیی خـۆی لـە باشـووریی میزۆپۆتامیـا و لێواریـی ئیمپراتۆریەتەکانـی سـەردەم، دۆخـی شـاری هەولێـر و دەشـتەکەیی لـە ماوەیـی ساسـانییەکان، نـە ناوەکـی بـوو نـە پەراوێـز خرابـوو لـە ئیمپراتۆریەتەکـە و بنەماڵـەی شـاهانەی ساسـانیی، دەشـتی هەولێـر دیمەنیـی نیشـتەجێ بوونیـی تایبـەت و نـاوازە نیشـان ئـەدات سـەبارەت بـەو سـەردەمە، بـەڵام ئـەو بارودۆخـە یەکسـەر ناگەڕێتـەوە بـۆ ناوەندیـی دەسـەڵاتێکیی ئیمپراتۆریـی(٢.p,٢٠١٨,Ur and others) ئیپـاس دوو پۆڵـی (خشـتە) بـەکار ئەهێنـا بـۆ تۆمارکردنیـی پێگـە و گـردە شـوێنەوارییەکانیی ماوەیـی ساسـانییەکان لـە ماوەیـی رووپێویـی دەشـتیی هەولێـر، (Period١٥) ماوەیـی پـازدە بـۆ ئـەو کەلوپەلـە شـوێنەوارییانە بەکارهاتـووە کـە تەواو

ئەگەڕێنـەوە سـەردەمیی ساسـانییەکان، کەرەسـتەکان تایبەتمەنـدی سـەردەمیی کۆنترۆڵـی ساسـانییەکانە لـە دەشـتی هەولێـر، پۆڵـی (Period١٦) ماوەیـی شـازدە ئـەو جـۆری دۆزراوەنـە ئەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو ماوەیـی کـە پێئەچێـت لـە سـەردەمیی ساسـانییەکان و لـە سـەردەمیی ئیسـلامیی بـەکار هێنرابـن، یەکلایـی کردنەوەیـی ئـەم ماوەییـە پێویسـتیان بـە پشتڕاسـتکردنەوە هەیـە لـە ڕێگەیـی هەڵکەندنـەوە یاخـوود توێژینەوەیـی وردتـر، لـە راسـتیدا زۆربـەی ئـەو شـتانەیی لێـرە بـە ساسـانیی کۆتایـی ناوئەبرێـن ڕەنگـە مێژوو‌ییەکەیـی بـۆ سـەدەکانیی سـەرەتایی سـەردەمیی ئیسـلامیی بگەڕێتـەوە (Ur and Others, ٢٠٢٠, p٢١) ئەوەیـی جێـگای باسـە لـەم پڕۆژەیـە دا کـە لێکۆڵینەوەمـان بـۆ سـەردەمیی ساسـانییەکان کـردووە و ئامانجیـی سـەرەکیی توێژینەوەکەمانـە، بەگوێرەیـی تۆمارەکانیـی پڕۆژەکـە تاکـوو ئێسـتا دوایـی نـۆ وەرزی کاری مەیدانیـی پڕۆژەکـە، ڕووپێویـی شـوێنەواریی بـۆ نزیکەیـی (٩٥٣) شـوێن کـردووە و تۆمـاری کـردووە لـەو کەتەلۆکانیـی دەرچـوون و بڵاوکراونەتـەوە، خۆشـبەختانە پێگـە و شـوێنە شـوێنەوارییەکانیی پڕۆژەیـی ڕووپێویـی دەشـتی هەولێـر کـە تۆمارکـراون بێبـەش نەبوونـە لـە سـەردەمیی ساسـانییەکان، بەڵکـو زۆربـەی پێگەکانیـی سـەردەمیی ساسـانیی تیـدا تۆمـار کـراوە و پارچەیـی شـوێنەواریی بەکارهاتوویـی سـەردەمەکەیی تیـدا دۆزراوەتـەوە، بۆیـە لـە ڕێگەیـی خشـتەیەکیی زانسـتییی ئاماژەمانـی بـە نزیکـەی (٦٠٠) پێگەیـی شـوێنەواریی کـردووە بـە مەبەسـتی بەرچـاو ڕوونیـی پێگـە و چینـە ساسـانییەکان سـەرەڕایی بەردەسـت نەبوونیی کەتەلۆکـی پێگـە و گردەکانـی وەرزیـی مەیدانیـی (٢٠٢٢-٢٠٢١) بـە بیانویـی بەردەسـت نەبـوون لـە لایـەن لایەنـە پەیوەندی دارەکانـەوە، هەروەهـا هەندێك لـە پێگە شـوێنەوارییەکان لـە کاتـی ڕووپێویـدا تاکـوو ئێسـتا یەکلایـی نەبۆتـەوە لـە نێـوان سـەردەمیی کۆتایـی ساسـانییەکان و سـەرەتایی سـەردەمیی ئیسـلامیی، بـەڵام ئێمـە ئاماژەمـان بـەو خاڵـەش داوە ئەمـەش بـۆ بەرچـاو ڕوونیـی خوێنـەران و لێکۆڵـەران بـە مەبەسـتیی ئاسـانکاریی لـە داهاتـوو دا و یارمەتـی دانیـان لـە توێژینەوەیـی زانسـتییی و مەیدانیـی، بـەم شـێوەیە لـە کۆیـی گشـتیی پێگـە شـیکار کراوەکان، (١٢١) پێگەیـی شـوێنەواریی ئەگەڕێنـەوە بـۆ سـەردەمی ساسـانییەکان بـەم شـێوەیی لـە خشـتەی ژمـارە(١) هاتـووە:

خشـتەیی ژمـارە (١) سـایتەکانیی پاشـماوەیی ساسـانیی لـە ڕووپێویـی شـوێنەواریی لـە دەشـتی هەولێـر.(کاری توێـژەر)

| ژمارە | ژ.م سایتی پرۆژە | ناوی پێگەی شوێنەواریی | سەردەمی پێگەیی شوێنەواریی |
|---|---|---|---|
| 1 | 8 | ژمارە 8 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامیی |
| 2 | 9 | کورد قانی (Kurd Qani) | سەردەمی ساسانیی |
| 3 | 14 | گردیی شینە ((Tell Shena | کۆتای سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 4 | 17 | گردیی باقرتە (Tell Baqrta) | سەردەمی ساسانیی |
| 5 | 19 | مینارە (Minara) | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 6 | 21 | ژمارە 21 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 7 | 22 | تربە سپییان (SpiyanTrpa) | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 8 | 23 | ژمارە 23 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 9 | 24 | ژمارە 24 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 10 | 27 | گردیی سورێژە(Tell Surezha) | سەردەمی ساسانیی |
| 11 | 30 | ژمارە30 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 12 | 31 | کوردقەبرستان(Kurd Qa-brstan) | سەردەمی ساسانیی |
| 13 | 41 | ژمارە 41 | سەردەمی ساسانیی |
| 14 | 45 | گردیی خەزنە(Tell Khazna) | سەردەمی ساسانیی |
| 15 | 48 | ژمارە 48 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 16 | 49 | ژمارە 49 | سەردەمی ساسانیی |
| 17 | 51 | ژمارە 51 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 18 | 55 | ژمارە 55 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 19 | 57 | ژمارە 56 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 20 | 57 | ژمارە 57 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 21 | 58 | ژمارە 58 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 22 | 62 | ژمارە 62 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 23 | 63 | ژمارە 63 | سەردەمی ساسانیی |
| 24 | 64 | ژمارە 64 | سەردەمی ساسانیی |
| 25 | 66 | ژمارە 66 | سەردەمی ساسانیی |
| 26 | 75 | ژمارە 75 | سەردەمی ساسانیی |
| 27 | 77 | ژمارە 77 | سەردەمی ساسانیی |
| 28 | 85 | ژمارە 85 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 29 | 88 | ژمارە 88 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 30 | 92 | کورد قرەتگۆ(Kurd Qradgo) | سەردەمی ساسانیی |
| 31 | 94 | ژمارە 94 | سەردەمی ساسانیی |
| 32 | 97 | ژمارە 97 | سەردەمی ساسانیی |
| 33 | 100 | ژمارە 100 | سەردەمی ساسانیی |
| 34 | 101 | ژمارە 101 | سەردەمی ساسانیی |
| 35 | 102 | ژمارە 102 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 36 | 103 | عەباسییە(Abasiya) | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 37 | 104 | ژمارە 104 | سەردەمی ساسانییی |
| 38 | 108 | گردیی زاگا (Girdi Zaga) | سەردەمی ساسانیی |
| 39 | 112 | ژمارە 112 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 40 | 147 | ژمارە 147 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 41 | 154 | ژمارە 154 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 42 | 187 | ژمارە 187 | سەردەمی ساسانیی |
| 43 | 188 | ژمارە 188 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 44 | 192 | ژمارە 192 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 45 | 199 | ژمارە 199 | سەردەمی ساسانیی |
| 46 | 207 | ژمارە 207 | سەردەمی ساسانیی |
| 47 | 209 | ژمارە 209 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 48 | 212 | ژمارە 212 | سەردەمی ساسانیی |
| 49 | 217 | خربەت دووسەرە (Kirbat Dusara) | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 50 | 218 | سۆربەش کاکەڵە (Sorbash Kakala) | سەردەمی ساسانیی |
| 51 | 219 | قەرە بەگ (Qare Beak) | سەردەمی ساسانیی |
| 52 | 227 | ژمارە 227 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 53 | 228 | گردیی داغان(Girdi Daghan) | سەردەمی ساسانیی |
| 54 | 229 | ژمارە ٢٢٩ | سەردەمی ساسانیی |
| 55 | ٢٣٤ | گردیی تاژی رەش (Grdi Taje Rash) | سەردەمی ساسانیی |
| 56 | 238 | ژمارە 238 | سەردەمی ساسانیی |
| 57 | 239 | ژمارە 239 | سەردەمی ساسانیی |
| 58 | 240 | ژمارە 240 | سەردەمی ساسانیی |
| 59 | 245 | ژمارە 245 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 60 | 251 | گردیی دوو سەرە فەتاح (Girdi Duusare Fatah) | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 61 | 253 | کلێسە (Kilisa) | سەردەمی ساسانیی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 62 | 258 | ژماره 258 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 63 | 260 | ژماره 260 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 64 | 262 | ژماره 262 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 65 | 264 | ژماره 264 | سەردەمی ساسانیی |
| 66 | 265 | ژماره 265 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 67 | 267 | ژماره 267 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 68 | 268 | ژماره 268 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 69 | 269 | ژماره 269 | سەردەمی ساسانیی |
| 70 | 273 | ژماره 273 | سەردەمی ساسانیی |
| 71 | 280 | ژماره 280 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 72 | 282٢ | گردیی عبدالعزیز((Tell Ab-<br>dulazez | سەردەمی ساسانیی |
| 74 | 285 | ژماره ٢٨٥ | سەردەمی ساسانیی |
| 74 | 288 | گردیی شێخ ئەحمەد<br>(Girdi Shex Ahmed) | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 75 | 289 | ژماره 289 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 76 | 290 | ژماره 290 | سەردەمی ساسانیی |
| 77 | 292 | ژماره 292 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 78 | 294 | ژماره 294 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 79 | 304 | ژماره 304 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 80 | 305 | ژماره 305 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 81 | 319 | ژماره 319 | سەردەمی ساسانیی |
| 82 | 320 | گردیی حەسەن ئاگادار<br>(Girdi Hassan Agadar) | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 83 | 321 | ژماره 321 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 84 | 331 | ژماره 331 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 85 | 332 | ژمارە 332 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 86 | 345 | قەبرستان خەجیلە<br><br>(Khadjila Cemetery) | سەردەمی ساسانیی |
| 87 | 346 | گردیی خەجیلە (Girdi Khad-jila) | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 88 | 348 | ژمارە 348 | سەردەمی ساسانیی |
| 89 | 349 | گردیی قورشاغلو<br><br>(Girdi Qurshaqlu) | سەردەمی ساسانیی |
| 90 | 361 | ژمارە 361 | سەردەمی ساسانیی |
| 91 | 364 | میراوە (Mirawa) | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 92 | 366 | ژمارە 366 | سەردەمی ساسانیی |
| 93 | 369 | ژمارە 369 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 94 | 371 | ژمارە 371 | سەردەمی ساسانیی |
| 95 | 381 | ژمارە 381 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 96 | 394 | ژمارە 394 | سەردەمی ساسانیی |
| 97 | 400 | ژمارە 400 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 98 | 403 | ژمارە 403 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 99 | 411 | ژمارە 411 | سەردەمی ساسانیی |
| 100 | 423 | ژمارە 423 | سەردەمی ساسانیی |
| 101 | 424 | ژمارە 424 | سەردەمی ساسانیی |
| 102 | 425 | ژمارە 425 | سەردەمی ساسانیی |
| 103 | 428 | ژمارە 428 | سەردەمی ساسانیی |
| 104 | 429 | ژمارە 429 | سەردەمی ساسانیی |
| 105 | 434 | ژمارە 434 | سەردەمی ساسانیی |
| 106 | 441 | ژمارە 441 | سەردەمی ساسانیی |
| 107 | 443 | ژمارە 443 | سەردەمی ساسانیی |
| 108 | 444 | ژمارە 444 | سەردەمی ساسانیی |
| 109 | 446 | ژمارە 446 | سەردەمی ساسانیی |
| 110 | 453 | ژمارە 453 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 111 | 456 | ژمارە 456 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 112 | 460 | ژمارە 460 | سەردەمی ساسانیی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 113 | 463 | ژمارە 463 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 114 | 464 | ژمارە 464 | سەردەمی ساسانیی |
| 115 | 468 | ژمارە 468 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 116 | 481 | شیراوە (Sherawa) | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 117 | 488 | ژمارە 488 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 118 | 490 | ژمارە 490 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 119 | 497 | ژمارە 497 | سەردەمی ساسانیی |
| 120 | 501 | ژمارە 501 | کۆتایی سەردەمی ساسانیی و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی |
| 121 | 506 | ژمارە 506 | سەردەمی ساسانیی |

## ٣.تەوەرەیی سێیەم: شوێنەواریی عەزە (حزە، کافرعەزە):


١-٣ ناوی عەزە:

ناوی ئەم شوێنە بە چەند جۆرێک هاتووە لە سەرچاوەیی مێژوویی و نووسراوەکانیی گەشتیارە ئیسلامیی و ئەوروپییەکان لە سەدەکانی پێشوو دا، (حزە، عەزە، کافر عەزە، ئەرد عەزە، کفر عوزیل) ئەم ناوانە ئەتوانێت شارۆچکەییەک یان ناوچەییەک دیاری بکات لە قۆناغەکانی پێش سەدەیی نۆیەمی زایینی دا، حەزە یان عەزە کافر بە شێوەییەکی گۆڕاو بە هەر دوو ماناکەیی بەکار ئەهێنرا وەکوو ناوی شارۆچکەییەک و هاوکات وەک ناوی ناوەندە سەرەتاییەکەیی و زۆر جاریش وەکوو ناویی شاری هەولێریی کۆن بەکار هاتووە و یاخود بە ناوی حدیاب (ئەدیابێن). (جوزەلي، ٢٠٠٨، ص١١٥) پێگەی جوگرافیایی (عەزە) لەسەرچاوە سریانییەکاندا بە (کافر عەزە) دەرئەکەوێت، ئەمەش لە زانستیی ئەدەبیاتدا کێشەدارن، زۆرجار بە دوو ناوچەی جیاواز دائەنرێن یان لە ناوەکانیی هەمان شوێن، بەڵام تاوەکوو ئێستا هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی روون نیە سەبارەت بەم جیاکارییە، بۆیە (حەزە، کافر عەزە) ناوی هەمان شوێن ئەگرێتەوە یاخوود هەمان شوێن دیاری ئەکات.(آبونا، ٢٠٠٠، ص٢٦٧) سەرەنجام لێکۆڵینەوە لە کۆنترین مێژوویی ئەو شوێنە ئەبێتە هۆکاری نزیک بوونەوە لە جیاکاری ناوەکانی عەزە، ئەو کاتەی شارەکە داگیرکرا لە لایەن موسلمانەکانەوە لە (٦٤١-٦٤٢ز)، عەزە ببووە ژێر دەستی دەوڵەتی ساسانیی و ئەوکاتە پێئەگوترا (نود ئەردە شیرکان) واتە موسڵی کۆن وەکوو ناوچەییەکی سەر بەو شارە، بە شێوەییەکی گشتی لە روویی ماوەیی بەکارهێنانی ئەو ناوانە،(عەزە و کافر عەزە) لە سەرچاوەکانی سەدەیی هەشتی زایینیی ئەبینرێت و (حزە) لە سەرەتایی نووسراوەکانیی سەدەیی نۆیەمیی زایینیی دەست پێئەکات وەک ناوی یەک شوێن بەکار هاتووە.(p٧٧,٢٠١٢,Kolektiv) لە ماوەیی کۆتایی سەدەیی نۆزدەم تا لانیکەم نیوەی یەکەمی سەدەیی شازدەهەم، ئەم شوێنە لەو کاتەدا بە (کافر عەزە) ناو ئەبرا، بە تایبەتی (تۆماس مەرگە-Thomas Marga) لە کتێبەکەی دا ئاماژە بەو شوێنە ئەکات بە (کافر) وەک یەکێک لە ناوەندە سەرەکییەکانی ژیانیی (کریستییانەکان) لە ناوچەکەدا وێنا ئەکات.(p٢٩٦,١٩٨٣,Marga) هەروەکوو

(ابـن حوقـل) مێژوونوسـیی ئیسـلامیی  ئـەم شـوێنە بـە (ئـەرد عـەزە) نـاو ئەبـات وەک شـوێنێک دانیشـتوانەکانیی کریسـتیان بـوون و ناوەندێکـی سـەرەکیی بـووە لـەو سـەردەمە دا هاوشـانی شـاری هەولێر(آبـن حوقـل، ١٩٩٢، ص١٩٦)  زۆر جـار لـە سـەرچاوەکاندا وشـەی (عـەزە) بـۆ دیـاری کردنـی تـەواوی هەرێمـی ئەدیابێنـێ (حەدیـاب) بەکارهاتـووە،  هەروەهـا لـە زاراوەیـی ناوخۆیـی کوردیـی دا (ح) گـۆڕاوە بـۆ (ع) کـە پشـتگیری لـە ناسـینەوەیی نێـوان (عـەزە) و (حـەزە) ئـەکات، بەتایبەتـی لـە شـێوازی ئاخاوتنـی هەندێـک لـە دانیشـتوانی شـاری  هەولێـر دا ئـەم وشـانە ئەگۆڕدرێـن.((p٩٨,٢٠١٤,Bradosty پارێزگایـی هەولێـر لـە سـەدەیی نۆیـەم دا بـە (ئـەرد عـەزە) ناوئەبـرا،  هەرچەنـدە شـاریی هەولێـر بـۆ ماوەیەکـی زۆر لـە مەیدانـی دیـدگای سـەرچاوە ئیسـلامییەکان و عەرەبییەکانـدا ون بـووە، بـەڵام وەک گرنگتریـن ناوەندیـی باکـووری میزۆپۆتامیـا جێگەیـی گرتـووە. (p٧٨,٢٠١٢,Kolektiv)  لـەم بارەیـەوە مێژوونوسـی کـورد (عبدالرەقیـب یوسـف) ئامـاژە بـە عـەزە ئـەکات کـە لـە وشـەی (حـزە) عەرەبییـەوە وەرگیـراوە و سـەرچاوەیی ناوەکـە لـە (حدیـاب) وە هاتـووە لـە سـەرچاوە سریانییـەکان دواتـر لـە سـەرچاوە عەرەبییـەکان بۆتـە (حـزە)، ئەکرێـت تـا ئێـرە گشـت گریمانـەکان سـەبارەت بـە نـاوی (عـەزە) راسـتبن یاخـوود پێچەوانەکـەی راسـت بێـت تاوەکـوو دەسـتمان ئـەگات بـە بەڵگەیەکـی شـوێنەواریی و مێژوویـی وەکـوو نـووسراو یـان جۆرەکانـی تـری لـە رێگـەی هەڵکۆڵیـن و رووپێویـی شوێنەوارییەوە.(یوسـف،٢٠٠٥، لا١٠٤)

٢-٣ شوێنی جوگرافی عەزە:

عـەزە ئەمـرۆ گوندێکـە بـە دووریـی نزیکـەی (٢٠کـم) لـە باشـووری رۆژئاوایـی شـاری هەولێـر، ناوچەکـە ئەکەوێتـە بەشـیی ناوەڕاسـتیی دەشـتیی هەولێـر،  پاشـماوەیی نیشـتەجێ بوونەکـەی ئەگاتـە نزیکەیـی تـا گونـدی (قونیـان) کـە (٢کـم) لـە رۆژهەڵاتـی عەزەییـە و چەندیـن پاشـماوەیی لـێ بەجێـماوە، جگـە لـە قونیـان چەنـد گوندێکیـی تـری لـێ نزیکـە وەک (بیریـات، عبدلعەزیـز، ئەحمـەد میـرزا)(p٢٦٩,٢٠١٦,Novacek). (نەخشـەیی ژمـارە٣).




(p٤_٢٠١٦_Karel Novacek_Medival Urban Landscape In Northeastern Mesopotamia) نەخشـەی ژمـارە (٣) وەرگیـراوە لـە

لە رووی تۆپۆگرافییەوە ناوچەکە پێکهاتووە لە زەوییە تەختاییەکان و کشتوکاڵییەکان بە یارمەتیی مرۆڤ دروست کراون بەهۆی کێڵان و کاروباری کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە، شوێنەکە لە شێوەی تەپۆڵکەیی گەورە و نزم پێکهاتووە و رووی زەوییەکە شەپۆلاوییە.(p٧٩,٢٠١٤,Novacek and Melcak) هەروەکوو (یاقوت الحموی) شوێنەکە لە نێوان شاری نوسەیبین و رأس عین دیاریی ئەکات نزیک لە شاری هەولێر بە تایبەتی کە لە خاکی موسڵەوە ئەگەڕێتەوە، ئەم شارە و بە شوێنێکی گرنگی شاری هەولێر و ناوچەکانی ساسانیی وەسف ئەکات،(الحموی،١٩٧٧،ص٢٥٦) وێنەکانی مانگی دەستکرد و رووپێویی مەیدانیی لە ساڵی (٢٠١٣) بەڵگەیی گەورەیی نیشتەجێ بوونی لە رووی جوگرافیایی شوێنەکە لە رووبەری (٨٠)کم زەوی نیشان ئەدا، لەگەڵ چەندین دابەشکردنی نیشتەجێ بوون ئەکەوێتە باکووری گوندیی عەزە وەکوو تەپۆڵکەیەکیی ناوەندیی و گردێکیی نزم دەورەی داوە.(p٢٧٠,٢٠١٦,Novacek)

٣-٣ مێژوویی عەزە:

گەڕان بە دوای سەرچاوەیی مێژوویی عەزە بە هەندێک گریمانە و جیاوازی دەست پێئەکات تاکوو ئەمڕۆ، سەبارەت بە مێژوویی عەزە بەتایبەتیی ئەو گریمانانەیی هەندێک لایەنی مێژوویی ئەیهێننە بەر گفتوگۆوە کە عەزە پەیوەندیی بە پارێزگایی ساسانییەوە (نود-ئەردەشێرە)وە هەیە و لە رووی خاکییەوە هاوتایە لەگەڵ (موسڵ)ی ئێستا و دانیشتوانەکەیی کورد بوونە،(جوزەلي،٢٠٠٨،ص١١٥) نود ئەردەشێر (نود-ئەردەشیرکان) هەشتەمین پارێزگای ساسانیی بووە لەو ناوچەییە، بە وتەیی مێژوونوسەکان هاوشێوەیی عەزەیە(حزە)، وەکو هەشتەمین شارۆچکەیی ناوچەکە کاتێک شارە تازە دامەزراوەکانی ساسانیی لە لایەن (ئەردەشێر)وە دروست کران، هەروەکوو (أبو جعفر محمد بن جریر الطبری) لە کاتی ژماردنیی ئەو شارانەی نزیک زێیی گەورە و رووباری دیجلە ئاماژە بەو شوێنە ئەکات(الطبری،١٩٧٦،ص٤١). هەروەکوو پێشتر ئاماژەمان بە ناوی ئەو شوێنە دا وەکوو ناوی سەرەکیی شاریی هەولێر و زۆر جار وەکوو ناوی هەرێمی حدیاب (ئەدیابێن) هاتووە، دوای ونبوونیی ناویی شاریی هەولێر لە سەرەتایی سەدەیی نۆیەم دا لە سەرچاوە ئیسلامیەکان، بە دڵنیاییەوە عەزە ناوەندێکیی گرنگ بووە و بۆتە هۆی ناوهێنانیی هەرێمێکیی فروان بەم شێوازە، لەم بارەیەوە ئەوەیی جێگەیی دڵنیاییە مێژوویی هەولێر چەند هەزار ساڵێک پێش شاری نود ئەردەشێرکانەوەیە، جگە لە شوێنە ستراتیجییەکەیی کە ناوەندێکیی بەرەنگاریی بووە بۆ ساسانییەکان، ئەکرێت عەزە وەکوو پایتەختێکی سێبەر و قەڵایەکی بەرەنگای بوو بێت بۆ دەوڵەتی ساسانیی لە کاتی هێرشیی سەربازیی بۆ سەر شاری هەولێر و قەڵایە مێژوویەکەیی، لەم بارەییەوە پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئایا ئەم شارە پایتەختێکی هەبووە یاخود ئەم شوێنە بۆتە پایتەختی شاری هەولێر، لەبەر ئەوەی عەزە (حزە) وەکو ناوەندێکیی پێشوویی شاری هەولێر هاتووە و وەسف کراوە لە لایەن مێژوونوسانی ئیسلامییەوە بەتایبەت (یاقوت الحموی).(الحموی،١٩٧٧، ص٢٥٦)

بەپێی شیکاریی سەرچاوەکان سەرەتایی نیشتەجێ بوون بۆ ماوەیی ساسانییەکان ئەگەڕێتەوە، یەکەم داگیرکاریی ساسانییەکان بۆ سەر هەرێمی حەدیاب (ئەدیابێن) ئەگەڕێتەوە بۆ پاشا ئەردەشێریی ساسانیی توانی دەست بەسەر ئەو هەرێمە و شاری کرخ سلوخ (کەرکوک)ی ئێستا دابگرێت و بیانخاتە ژێر دەسەڵاتیی بنەماڵەی شاهانەیی ساسانیی(اسمائیل، بدون سنە، ص١٠٢) لەم ناوەندە دا بۆچوونی لایەنی سێیەمیی سەبارەت بە مێژوویی عەزە وەکوو ناوەندێکیی سەربەخۆیی دانیشتوانی کریستیانەکان (مەسیحی)

وەسف کراوە، بە جۆرێک دوای فراوان بوونی ئاینی کریستیانەکان لە هەرێمی ئەدیابێن عەزە بووە یەکێک لە قەڵاکانی، سەرچاوەکان زۆر جار ئاماژە بە (حزە و هەولێر) ئەکەن وەک یەکێک لە قەڵا کریستیانەکان، بۆیە ئەبێت هۆکارێک هەبێت بۆ ئەوەی بەم شێوەیە ئاماژە بە شارۆچکەیەکیی بچووک و گرێدراو بە شاری هەولێریی کۆن بکرێت.(جوزەلي، ٢٠٠٨، ص١١٦) عەزە وەکوو یەکێک لە ناوەندە سەرەکییەکانیی ژیانیی کریستیانەکان وێنا کراوە، هەروەها ئاماژە بە دروووست کردن و دامەزراندنی چەند قوتابخانەیەکی تایبەت بەو ئایینە لە هەرێمی ئەدیابێن کراوە بەتایبەتیی لە شارۆچەکیی عەزە، بۆ پێگەیاندنی قوتابییانی کریستیان و قەشەکان کە خولیای فێرکردن و پەروەردە بوون(p٢٩٧,١٩٨٣,Marga) لە سەدەیی دەیەمی زایینی دا، عەزە هاوتایی ناویی شاریی هەولێر هاتووە و هەندێک ئەرکی ناوەندیی نەریتیی لە هەولێر وەرگرت و بووە ناوەندێکیی گرنگیی نیشتەجێ بوون و کارگێریی و زیارەتکارەکانیی کریستیانەکان بە تایبەتی بۆ خانەقای (کڵێسای مار میخائیل) لە نزیک عەزە،(أبونا،٢٠٠٦.ص٢٦٨) بۆیە ئەگەریی ئەوە هەیە کە شوێنە گوند نشینەکانیی وەک عەزە (حزە) پەیڕەویی لە کرۆنۆلۆژیایی بوژاندنەوەیی ئابووریی کردبێت، لە نێو جوگرافیناس و گەشتیارانیی موسڵمانان کە گرنگی بە ناوچەی موسڵ و جزیرە ئەکەن، ناوی هەولێر باس نەکراوە بەڵکو تەنها ناوی (حزە) ئەهێنن و هەر وەکوو سەرچاوە (سریانییەکان) زۆر گرنگییان بە ناوی حزە و ئەدیابێن داوە.(p٩٩,٢٠١٤,Bradosty) شایەنی باسە عەزە کەوتۆتە رێگای دەشتی هەولێر، ئەم رێگایە بە شێک بووە لە رێگای شاهانەیی مێژوویی کە درێژترین رێگایی بازرگانیی سەرەکیی بووە لە جیهان دا لە سەدەیی یەکەمی پێش زایینیەوە کە لە چینەوە هاتووە تا گەیشتۆتە کیشوەری ئەوروپا بە رێگای (ئاوریشم) ناسراوە، بازرگانی چین و وڵاتانیی رۆژهەڵاتیی کوردستان ئەگەیشتە خاڵی نێوان شاری (نوسەیبین و دارا) لە ناوچەی ماردین رێگا دەبووە دوو لق، لقێك بۆ ئاسیایی بچووک و لقێک بۆ سووریا و دەریای سپی ئەچوو، ئەکرێت ساسانییەکان ئەو شوێنە ستراتیجییەیان قۆستبێتەوە بە مەبەستیی بازرگانیی و سیاسیی بەهۆی گرنگی عەزە لەو شوێنەدا،(یوسف،٢٠٠٥.ل١٠٠)، تووخمی موسڵمانەکان بۆ یەکەم جار لە نێو دانیشتوانی عەزە دا لە چوارچێوەیی سەدەیی دوازدە باسکراوە و یەکەم ئاماژە بە درووست کردنیی مزگەوتێک دراوە وەک یەکەم هەنگاو بەرەو ئیسلامیکردنیی شارۆچکەکە دا ئەنرێت، بەڵام تاوەکوو ئەمڕۆ پاشماوەیی مزگەوتەکە نەدۆزراوەتەوە یاخود نازانرێت. (p٨٢,٢٠١٤,Novacek and Melcak)

٣-٤ رووپێویی و پاشماوەیی شوێنەوارییەکانیی عەزە (حزە):


بە مەبەستیی دروووست کردنی خانوو لە نزیک عەزە لە ساڵی (١٩٩٩ز) لە لایەن چەند کەسێکی گوندەکەوە گردێک هەڵکەندرا، بەم هۆیەوە ژوورێک دەرکەوت کە بە خشتی سورەکراو دیوارەکانی دروووست کرابوون، لە ناوەڕاستی دا گۆڕێک دۆزرایەوە کە ئێسکی مرۆڤ لەگەڵ چەند گڵێنەیەک نێژرابوو(سمایل،١٩٩٩،ل٤٧) هەروەک پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد کە شوێنەواریی عەزە لە چەندین سەرچاوەیی ئیسلامیی و سریانیی و بیانیی دا هاتووە، بەڵام تا لەم دوایانە دا زۆر گرنگی بە رووپێویی شوێنەکە نەدرابوو، یەکەم هەڵمەتی گەڕان بە دوای شوێنەواریی عەزە دا لە ماوەیی ساڵانی(٢٠١٥-٢١٠٣ز) بوو، بەتایبەتیی لە بەشی رۆژئاوا و باشووریی ئەو ناوچانەی کە هەرێمی ئەدیابێن لە کۆتاییەکانیی ماوەی دێرینیی پێش ئیسلام پێک ئەهێنا، بریتیبوون لە نێوان زێی گەورە لە باکوور و زێی بچووک لە باشوور و رووباری دیجلە لە رۆژئاوا دا.(p٩٨,٢٠١٤,Bradosty)

رووپێویی وردی شوێنی عەزە لە تشرینی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤) بوو، وەک پرۆژەیی هاوبەشیی (مولینم-

ئیپاس) ئەنجامدرا، میتۆدۆلۆژیایی ستاندەردیی ئیپاس بۆ رووپێوییەکە بەکارهات لەگەڵ هەندێک گۆڕانکاریی بچووک، پرۆژەکە خۆی بینییەوە لە رووپێویی وردی تایبەتمەندییەکانیی خاک و تۆمارکردنیی پێکهاتە تەلارسازییەکان و کۆکردنەوەیی گڵێنەی ڕووکاریی هەمە جۆری شوێنەواریی عەزە بەپێی سیستەمیی زانیارییەکانیی ئیپاس ناوزەند کرابوو وەک گردیی ژمارە (سایتی ٢١٥)، بە شێوەیەکیی سەرەتاییی شوێنەکانی دابەشکرا بەسەر (٢٢) ناوچە و کۆی گشتیی رووپێوییەکە (٢٤٠کم) زەوی گرتەوە. (وێنەی ژمارە ١)



وێنەیی ژمارە(١) دابەشکاری رووپیویی عەزە، وەرگیراوە لە: (Karel Novacek_Mulinm project




وێنەیی ژمارە(٢) وەرگیراوە لە: Karel Novacek_Mulinm survey in Erbil-٢٠١٦-fig٧٤))

وێنەکانی مانگی دەستکرد و لێکۆڵینەوەیی مەیدانی بەڵگەیی گەورەیان نیشان دا سەبارەت بە نیشتەجێ بوون لە باکووریی گوندیی عەزە، بەدەیان گردیی نزم دەورەی داوە هەندێکیان بە خشتی سوورەکراو داپۆشراون، لەگەڵ بڕێکیی زۆر لە گڵێنەکانی ماوەیی ساسانییەکان و سەرەتایی سەردەمی ئیسلامی لەو شوێنە دۆزراونەتەوە. (Novacek,٢٠١٦,p٢٧٠) بە شێوەیەکیی گشتیی (٦٨) پارچەی شوێنەواریی لە (٢٤) شوێن وەرگیران، زۆربەیان لە گڵێنە پێک هاتبوون، هەروەها لە یەکێک لە شوێنەکان بەردی رووشێنەریی تێدابوو ئەمەش سەرەتایی ترین بەڵگەیی چالاکیی نیشتەجێ بوونە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکەدا بە تایبەتی لە شوێنی ژمارە (٢)، جگە لەوەی لەم شوێنە گڵێنەیی سەردەمیی پارسیی و هێلینستیی و کۆتایی ساسانییەکان دۆزرایەوە، دۆزینەوەکان خۆیان بینیەوە لە چەند کەلوپەلێکیی جوانکاریی و جۆرەها کەلوپەلیی شکاو گڵێنەکانیی ئاو و خواردن هەڵگرتن کە لێوارەکانی ئەستوورن و رەنگاو رەنگن بە تایبەتی بە رەنگی شین و سەوز لە ناوچەکانی (٩ و ١٥)، هەروەها کۆمەڵێک گڵێنەیی شکاو کە نەخشێندراون و رازێندراوەتەوە بە بە باربۆتین، کە پێک هاتووە لە قاپێکی سپیی جامداریی نا روون کە تابلۆییەکی سەوزی تۆخی لەسەرە و هێڵە ئاسۆییە یەکتربڕەکان تەنها لە ژێر لێوارەکانیی دا نەخشێنراون، هەروەها دۆزینەوەیی کەلوپەلیی سەردەمی ئیسلامی ناوەڕاست، زیاتر کەلوپەلەکان شوشەیی بوون کە لەسەر قاپی گەورەی شێوە بازنەیی و لێواری چەقۆدار پێک هاتبوون بە چەند رەنگێک رەنگاو رەنگ کرابوون، وەکوو گڵێنە دەستییەکان و قاپەکانیی هەڵگرتنی خواردەمەنیی و پەرداغی سادە و گەورە کە ملیان ستوونیی و لێواریی ئاسنیان هەبوو و یەک رەنگ بوون بە شێوەیەکیی سادە((Novacek and Melcak,٢٠١٤,p٧٩. (وێنەکانی ژمارە ٣-٤)



وێنەیی ژمارە(٣) وەرگیراوە لە: Karel Novacek_Mulinm survey in Erbil-٢٠١٦-fig٧٤))



وێنەیی ژمارە(٤) وەرگیراوە لە: Karel Novacek_Mulinm survey in Erbil-٢٠١٦-fig٧))

## دەرئەنجامەکان:

١- سـنووریی دەوڵەتیـی ساسـانیی بەرفراوانـە و هەمـوو ئێـران و بەشـێکیی زۆریـی وڵاتیـی نێـوان دوو رووبـار و خاکـی کوردسـتان لـە باشـوور و باکـوور لەگـەڵ تەواویـی رۆژهەڵاتیـی کوردسـتان ئەگرێتـەوە ، زۆربەیـی کات فـراوان بـوون و بەرتەسـک بوونـەوەی سـنوورەکانیی دەوڵەتیـی ساسـانیی پەیوەسـت بـووە بـە جەنـگ و کێشـە ناوخۆیی و دەرەکییەکانیی لەگـەڵ رۆم و میرنشـیینە عەرەبییـەکان و هـۆز و نەتەوەکانیـی دەوروبەریـی تـا دواین جـار بڵاوبوونەیـی ئاینیـی پیرۆزیـی ئیسـلام و بەرپابوونیـی جەنـگ لەگـەڵ سـوپایی موسـڵمانەکان و لەناوچوونییـان لەسـەر دەسـتیی ئـەم سـوپایە.

٢- دوایـی هاتنـە سـەر دەسـەڵاتیی ساسـانییەکان توانیـان دەسـت بەسـەر گشـت ناوچەکانـی ژێـر دەسـتی ئەشـکانییەکاندا بگـرن، ئـەوەی تایبـەت بێـت بـە هەرێمـی کوردسـتان و ناوچـەی دیـاری کراویـی سـنووری توێژیینەوەکـە بـە نزیکەیـی هەمـان سـنووری هەرێمـی ئەدیابێنـی ئەگرێتـەوە، ئـەم هەرێمـە شـێوەیەکی نیمچـە سـەربەخۆی ماوەتـەوە تـا تێپەربوونـی چەنـد دەیەیـەک و دەسـت بەسـەر داگرتنـی لـە لایـەن ساسـانییەکانەوە.

٣- کـورد لەماوەیـی حوکمرانـی ساسـانییەکان بەهۆیـی پاشـخانیی دەوڵەتـی میدیـا پێکهاتەیەکیـی گرنگیـی دەوڵەتـی ساسـانیی بـوو و بەشـێکیان لـە ناوچـە شـاخاوییەکان و بەشـەکەی تریـی لـە دەشـتە کشـتوکاڵیەکان نیشـتەجێ ببـوون، سـەبارەت بـە دانیشـتوانی ناوچـەی سـنووریی دیـاری کراویـی توێژیینـەوە کـە ناوەندیـی هەرێمیـی ئەدیابێنیـی ئەگرێتـەوە لـە چەندیـن مـاوە دا بـە شـێوەیی نیمچـە سـەربەخۆ مامەڵەیـی ئەکـرد و لـە بەربەرەکانـی دابـووە لەگـەڵ حوکومەتەکانیـی دەوڵەتیـی ساسـانیی.

٤- سـنووری دیـاری کراویـی توێژیینـەوە وەکـو ناوەندێکـی گرنـگ بـوو بـۆ دەوڵەتیـی ساسـانیی، بەهۆیـی سـتراتیجیی جوگرافیایـی ناوچەکـە و نزیکیـی سـنوورەکانی لـە دەوڵەتـی رۆم و بێزەنتییـەکان، بـەردەوام هەوڵـدراوە وەکـوو هەرێمێکـی ساسـانیی بمێنێتـەوە لـە لایـەن پاشـا ساسـانییەکانەوە، هەروەهـا بـەردەوام لـە ژێـر هەڕەشـەیی دوو دەوڵەتـی گەورەیـی رۆژهەڵاتیـی ناوەڕاسـت دابـووە بەهـۆی ئـەوەی کەوتووبـووە نێـوان دەوڵەتیـی ساسـانیی و دەوڵەتـی رۆم، هـەردەم لـە کێشـمەکێش دابـوون بـۆ داگیرکردنـی ئـەم ناوچەیـە و بەکارهێنانیـی وەکـوو هەڕەشـەیەک بـۆ دەوڵەتیـی بەرامبـەر، ئـەوەش ببـووە هـۆی قوربانـی دانـی ئـەم هەرێمـە و دانیشـتووەکانی و ژیانکردنیـان لـە ژێـر بارووددۆخـی سـەختیی سـەربازیی و ئابووریـی دا.

٥- بـە تێروانینـمان لەسـەر گشـت پرۆژەکانیـی شـوێنەواریی لـە روویـی هەڵکەنـدن و رووپێویـی و پاراسـتنیی شـوێنەوارەوە لـە هەرێمـی کوردسـتان بـە تایبەتـی لـە سـنووریی دیاریـی کـراوی توێژیینەوەمانـدا، ئەگەینـە بەرچاو روونـی زیاتـر سـەبارەت بـە مێژوویـی گەلـە کۆنانـەکان و پاشـماوەیی شـوێنەوارییەکانیان بـە تایبەتـی سـەردەمی ساسـانییەکان بەلانـی کەمـەوە لـە زۆربەیـی کنـە و پشـکین و رووپێـوی شـوێنەواری لـە لایـەن تیمـە ناوخۆیـی و بیانییەکانـدا کـە ئەنجـام دراوە چینێـک یاخـود پاشـماوەی ساسـانییەکان دۆزراوەتـەوە لـەم سـنوورەدا.

٦- سـەبارەت بـە رووپێویـی شـوێنەواریی لـە دەشـتی هەولێـر (EPAS) یەکێکـە لـە پـرۆژە گەورەکانیـی شـوێنەوار لـە رووی رووپێویـی شـوێنەوارییەوە لـە رۆژهەڵاتیـی ناوەڕاسـت بـە مەبەسـتیی لێکۆڵینـەوە و بەکارهێنانیـی زەویـی لـە دەشـتیی هەولێـر ئـەکات لـە سـەردەمیی کانزاییـەوە تاوەکـوو سـەردەمیی ئیسـلامیی.

٧- لێکۆڵینـەوە لـە کارەکانیـی پرۆژەیـی ئیپـاس یەکێـک بـووە لـە ئامانجەکانیـی توێژیینەوەکـە، بەهـۆی ئـەوەی گشـت کارەکانیـان کەوتۆتـە سـنوری دیاریـی کـراوی توێژیینەوەکەمـان، ئەمـەش کارئاسـانی بـوو بەمەبەسـتی

ئاشنابوونمان بە گرد و پێگەی ساسانییەکان یاخوود ئەو شوێنانەیی پاشماوەیی سەردەمیی ساسانییەکانی تێدا دۆزراوەتەوە بە ئامانجی شیکردنەوە و ناساندنییان.

٨- ئەنجامەکانی (ئیپاس) توانی چەند گریمانەیەک سەبارەت بە مێژوویی نیشتەجێ بوون و کۆمەڵگە نیشتەجێبووەکانی باکووری میزۆپۆتامیا بگۆڕێت بەوەیی سەرەتایی سەرهەڵدانییان لە دەشتیی هەولێرەوە بووە، ئەکرێت لە داهاتووی ئەنجامیی زیاتر ئاشکرا بکرێن سەبارەت بە سەرهەڵدانیی شارۆچەکەکان لە باکوورەوە بەرەو باشووریی و رۆژئاوایی میزۆپۆتامیا.

٩- دەرئەنجامەکانی تایبەت بە پاشماوەیی گوندی عەزە، ئەو گریمانەیە درووست ئەکات، سەرەتایی نیشتەجێ بوون لەم ناوچەیە دا بۆ سەردەمیی ساسانییەکان ئەگەڕێنێتەوە بە تایبەتی لە نێوان ماوەیی سەدەیی حەوتەم و هەشتەمیی زایینیی دا، هەروەها عەزە گەشتۆتە تەواویی قەبارەیی خۆیی و لە کۆتایی سەدەیی شازدە و لە سەرەتایی سەدەیی حەڤدەی زایینی شوێنەکە جێهێڵدراوە.

١٠- عەزە ناکرێت وەکوو شوێنێکی تەواو شارستانی ساسانییەکان سەیر بکرێت، چونکە هیچ پلانێکیی شارۆچکەییی بەتەواوی تێدا بەدی ناکرێت وەکو رێگا و بان و دەروازە سەرەکییەکان یاخود قەڵا و بورجە چاودێرییەکان ... هتد لەم ناوچەیە دا نەدۆزراوەتەوە تاوەکوو ئەمڕۆ تەنیا شوێنی درووستکردنی خشتی سوورە کراو و پاشماوەیی گڵێنەیی ساسانییەکان و چەند پاشماوەیەکیی تری پەیوەست بەم سەردەمە.

١١- زۆربەیی بیرۆکەکانیی دیمەنی ئەم پاشماوانە لە بیروباوەڕیی کۆمەڵگەی ساسانییەکان و کۆمەڵگەیی پێش ساسانییەکانەوە وەرگیراون کە مرۆڤیی ئەوکات هەیبووە، هەربۆیەش هەڵساوە بە گواستنەوەیی ئەم بیرۆکانە بۆ داهێنانە تەلارسازیی و گشت جۆرەکانی تریی شارستانیی، ئەم داهێنان و شارستانێتیە ساسانییە زۆربەی پەیوەندی هەیە بە سروشت و کاریگەریی ئایین و هۆکارەکانی ئابووریی و کاریگەریی رامیاریی و رۆشنبیریی کۆمەڵگەیی ساسانیی و کاریگەریی گەلانی پێشووتر بە تایبەتی ئەخمینییەکان و ئەشکانییەکان و سەردەمی هێلینستتی و دەوڵەتی رۆم و وڵاتی نێوان دوو رووبار.

## پەراوێزەکان:

١-ئەشکانییەکان: گەلێکیی کۆنیی ئێرانن دوایی سەرکەوتنییان بەسەر سلۆکییەکان هاتنە سەر دەسەڵات لە (٢٤٨پ.ز- ٢٢٤ز) لە مێژوو دا بە چەندین جۆر ناویان هاتووە وەک (پارسییەکان و فارسییەکان و ئەشکانییەکان)، بۆ ماوەی ٤٧٠ ساڵ دەسەڵاتداریی ناوچەکە بوون دواتر لەسەر دەستی ساسانییەکان لە ناوچوون.(الأعظمي، ٢٠١٢، ص٢١)

٢-پەرستگایی ئاناهیتا: ئەکەوێتە هەرێمی فارس لە شاری ئەستەخر، پەرستگایەکیی پیرۆز بووە لای ساسانییەکان و ئەشکانییەکان، بە واتایی خوداوەندی پارێزگاری ئاو هاتووە هەروەها پێشی وتراوە ماڵی ئاگر.(جەمیل،٢٠١٨،ل١٠٣)

٣-شاری ئەستەخر: پایتەختیی ئەخمینییەکان و ئەشکانییەکان بووە دواتر بووە بە پایتەختی ساسانییەکان پێشی ئەوترێت (پەرسیپۆلیس) لەسەردەمیی دەوڵەتیی ئیسلامیی پێی ئەوترا شیراز، ئێستا شاری شیرازی ئێرانی ئەگرێتەوە.(ابن حوقل ,١٩٩٢،ص٢٤٥)

٤- ئەردەشێریی کوڕیی پاباگ: بە یەکەم پاشای دەوڵەتیی ساسانیی دائەنرێت، دوای دامەزراندنیی دەوڵەتیی

ساسـانیی لـە سـاڵی (٢٢٤ز). دوای سـەرکەوتنیی بەسـەر دەوڵەتیـی ئەشـکانیی و پاشـا ئەردەوانیـی پێنجـەم بـۆ مـاوەی ٤ سـاڵ حوکومیـی بنەماڵـەی ساسـانیی و دەوڵەتیـی ساسـانیی کـرد.(p٤٢,٢٠٠٨,Pourshariati)

٥- ئەردەوانیـی پێنجـەم: کۆتـا پادشـایی سـەردەمیی ئەشـکانییەکان بـوو لـە نێـوان سـاڵانی (٢١٣-٢٢٤ز) کوڕیـی پاشـا ڤۆلۆگاسـیی پاشـایی ئەشـکانیی بـوو و لەسـەر دەسـتیی ئەردەشـێریی کـوڕی بابکـی ساسـانیی کـوژرا و کۆتایـی هێـنرا بـە دەوڵەتیـی ئەشـکانیی (جەمیـل،٢٠١٨،ل١٠٥)

٦- شـایی شـاکان (شاهنشا): نازناوێکیـی فەرمانڕەواییـە لـە لایـەن پاشـاکانەوە بـەکار ئەهێـنرا لـە سـەردەمەکانیی ئیمپراتۆریەتیـی ئەشـکانیی و ساسـانییەکان نازناویـی شـایی شـاکانییان لەخۆیـان ئەنـا ئـەم نازنـاوە هاوتایـی ناویـی ئیمپراتـۆر بـووە. (کریستنسن،١٣٦٨شـمسي، ص١٣٨)

٧- ئیمپراتۆریەتیـی ڕۆم: دامەزراندنـی ئیمپراتۆریەتیـی ڕۆم ئەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ٧٥٤پ.ز دوای جەنگیـی تـەرواده لەسـەر دەسـتی (رومولـوس وریمـوس)ی ئەفسـانەیی شـاری ڕۆمـا، ئیمپراتۆریەتیـی ڕۆم گەیشـتە ئەوپەڕیـی توانـا و بەهێزیـی خۆیـی و فراونبوونـی لـە ماوەیـی حوکومرانیـی ڕۆم توانـی ئەوروپـای ڕۆژئـاوا و بەلقـان و ئاسـایی بچـووک و وڵاتـی شـام و عێـراق و ئێـران و میـسر و هنـد و باکـووری دانـووب داگیـر بـکات، ئیمپراتۆریەتیـی ڕۆم کۆماریـی ڕۆم و ڕۆمیـی ڕۆژئـاوا و ڕۆمیـی ڕۆژهـەڵات (بیزەنتـی) ئەگرێتـەوە ڕۆمـی ڕۆژئـاوا لـە سـەدەیی پێنجەمیـی زایینیـی کـەوت دواتـر ڕۆمیـی ڕۆژهـەڵات تاوەکـوو سـاڵی ١٤٥٣ز بـەردەوام بوو.(طـراد، ١٩٩٧م، ص٢١)

٨- شـاپوریی یەکـەم: یەکێکـە لـە بەناوبانگتریـن پاشـایانی سـەردەمیی ساسـانیی، دوای باوکیـی ئەردەشـێر لـە سـالی (٢٤١ز) دەسـەڵاتی گرتەدەسـت وبـەردەوام بـوو تاوەکـو (٢٧٣ز).(تولدکـە، بـی سـال،ص٧٦)

٩-قۆناغـی لاوازیـی یەکـەم: لە مـاوە لاوازەکانیـی مێژوویـی ئیمپراتۆریەتیی ساسـانیی دائەنرێت، لە نێـوان(٢٧٣-٣٦٠ ز) حەوت پاشـایی ساسـانیی لەو ماوەیە دا لەسـەر تەختی پادشـایەتیی دانیشـتن. (العابد،١٩٩٩، ص٤٨)

١٠- شـاپوریی دووەم : یەکێکـە لـە بەناوبانگتریـن پاشـاییەکانیی سـەردەمیی ساسـانیی بـۆ ماوەیـی حەفتـا سـاڵ تاجیـی پاشـایەتیی لەسـەربوو، بەهـۆکاری بوژانەوەیـی دەوڵەتیـی ساسـانیی دائەنرێـت دوایی ماوەیـی قۆناغیـی لاوازیـی یەکەمیـی ساسـانییەکان (رجبی،١٣٩٧شـمسي،ص١٥٧)

١١-هورمزیـی چـوارەم: کـوڕی کیـسرا ئەنوشـێروان بـوو، بـۆ ماوەیـی دە سـاڵ حوکمیـی ساسـانییەکانی کـرد، وڵات لەسـەردەمیی ئـەودا تووشـیی تەنگەژەیـی ڕامیاریـی ناوخۆیـی و دەرەکیـی بـوو تاوەکـوو کودەتایـی سـەربازیی لـە دژ کـراو کوژرا.(العابـد،١٩٩٩،ص٦٩)

١٢-کیسرایـی دووەم: بەیارمەتیـی دەوڵەتیـی ڕۆم توانـی بێتـە سـەر تەختـی پاشـایەتیی دوایـی سـەرکەوتنیی بـە سـەر مامیـی، کەلـە دژی هورمزیـی چـوارەم هەڵگەرابـوو و خۆیـی وەکـوو پاشـایی ساسـانیی ئەناسـاند (دیاکونوف،١٨٣٠٠هجـري،ص٤٦٤)

١٣-(Aster_Corona): بریتییـە لـە وێنەکانیـی مانگیـی دەسـتکردیی سیخوریی کۆرۆنـا کـە سـاڵانیی پێشـووتر لـە لایـەن دەزگا نهێنیەکانـەوە گیـراوە، ئـەم وێنانـە بوونەتـە هۆیـی دۆزینەوەیـی چەندین ناوچـەی شـوێنەواریی، بەڵام (aster) بەهۆیـی داتاکانیـەوە لـە ڕێگەیـی گەرمیـەوە وێنـەی سـێ دووریـی و دیجیتاڵیـی لەگـەڵ شـیکردنەوەیی خـاك بـۆ زەوییەکـە ئەکێشـێت لـە ڕێگەیـی تیشکەکانیەوە.(مەگنیسـس،٢٠١٩،ل٢٨)

١٤-هەرێمیـی ئەدیابێنـێ (حەدیـاب): ئەکەوێتـە نێـوان هـەردوو زێـی گـەورە و زێـی بچـووک پایتەختەکەیـی شـاریی هەولێـر بـوو، بـە نزیکەیـی جوگرافیایـی شـاری هەولێریـی ئێسـتا ئەگرێتـەوە، تـا ڕادەیـەک هەرێمێکیـی

سەربەخۆ بوو لە رووی کارگێڕیی و ئاینییەوە لە سەردەمی ململانێی فارسیی و رۆمانیی و ساسانیی و بێزەنتیی، دواتر لە لایەن بنەماڵەی ساسانییەکانەوە بەڕێوەبرا تاوەکوو هاتنیی سەردەمیی ئیسلامیی. (برادۆستی، ٢٠١٤، ص٤٤)

١٥- موبدان موبد (موبذان): سەرۆکیی باڵایی پیاوانی ئاینیی بوون، ناوی گەورەترین رێبەریی روحانیی ئاینیی زەردەشتییەکان بوو لە سەردەمیی ساسانییەکان، سەرکردەیی مەعنەویی ئاینیی و خاوەنیی ماڵی ئاگر پەرستان بوو، هەروەها ئاماژەیە بۆ کەسێکیی روحیی و چەندیین ئەرکیی ئاینیی هەیە.(الدباغ، ١٩٩٢، ص١٩٣)

١٦- میدییەکان: یەکێکە لە دەوڵەتە بەهێز و ناسراوەکانیی نێو مێژوویی کورد و قۆناغی مێژووی کۆن، درووست بوونی دەوڵەتی میدییا(ماد) ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٧٠١-٥٥٠پێش زایین) ئەمەش دوایی ئەوەی یەکێتی هۆزە ماددەکان درووست بوو و یەکیان گرتوو و شاری ئاکباتان (همدان) هەمەدانیی ئێستایان درووست کرد و کردیانە پایتەختی دەوڵەتەکەیان، سنووریی دەسەڵاتی دەوڵەتی ماد گشت کوردستان و تورکیا ئێستا و فارسی گرتەوە و ئەگەیشتە زنجیرە چیاکانی قەفقاز و دەریاچەی وان لە باکوور و کەنداوی فارسی لە باشوور و کەنارەکانی دەریایی ناوەڕاست لە خۆرئاوا دا .(مولە، ٢٠١٤، لا١٢٩)

١٧- شاپوری دووەم: یەکێکە لە بەناوبانگترین پاشاییەکانی سەردەمیی ساسانیی کە ماوەییەکیی زۆر لەسەر دەسەڵاتیی پادشایەتیی ساسانییەکان بووە (٣١٠-٣٧٩ز) و دوای باوکیی (هورمزی دووەم ٣٠٣-٣١٠ز) دەسەڵاتیی گرتۆتە دەست و کۆمەڵێک چاکسازیی کردووە بەتایبەتیی لە بواری سەربازیی و توانیوویەتیی سنووریی ساسانییەکان فراوانتر بکات و دەست بەسەر باکووری کوردستان بگرێت (العابد، ١٩٩٩، ص٤٧)

١٨- هێلینستی: ماناکەیی (قسەکردن بە زمانیی یۆنانیی) بەو سەردەمە ئەوترێت دوایی (ئەسکەندەری مەکدۆنی) توانی هەردوو شارستانێتی یۆنانیی و رۆژهەڵاتیی تێکەڵ بکات، سەرەتایی سەردەمێکیی نوێی هێنایە کایەوە لە دوای مردنیی لە (٣٣٣پ.ز) (عبداللە، ٢٠١٠، لا٣٠٣)

لیستی سەرچاوەکان:

## یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:


١- ابراهیم، نوعمان جومعە،(٢٠١٤)، هەڵکۆڵینی شوێنەواری لە گردی کلک مشک وەرزی دووەم ساڵی ٢٠١١، گۆڤاری سۆبارتۆ، ژ ٨،هەولێر.

٢- بەشی توێژینەوەی سەندیکا،(٢٠٠٧)، شوێنەوارەکانی کوردستان لە نێوان وێرانکردن و نۆژەنکردنەوەدا،گۆڤاری سۆبارتۆ.ژمارە١.هەولێر.

٣- جەمیل، کەلسومە،(٢٠١٨)، مێژووی کۆنی رۆژهەڵاتی نزیک عیراق-ئێران-شام،چاپی سێیەم،هەولێر.

٤- سمایل، عەباس سلێمان،(١٩٩٩)، ریشەی ناوە جوگرافییەکانی دەشتی هەولێر،گۆڤاری هەولێر،ژمارە٣،هەولێر.

٥- عبداللە، محمد ئەمین علی،(٢٠١٠)، شەری گۆگامێلا (ئەربێلا٣٣١پ.ز) توێژینەوەیەکی مێژوویی لە هۆکار و دەرئەنجامەکانی،سلێمانی.

٦- عبدولقادر، ئەتەم مستەفا،(٢٠١٧)، شاهنشیا ئادیابێنێ (حەدیاب)،وەرگێران؛ شڤان قاسم،چاپا١،چاپخانا هێڤی،هەولێر.

٧- مۆلـە، مالیــژان و ئەوانــی تــر،(٢٠١٤)، مێــژووی میســۆپۆتامیا و زاگــرۆس پیــش مــاد تــا کۆتایــی ساســانییەکان؛وەرگێرانی،ئەردەڵان مــام وســو،چاپی یەکــەم، هەولێــر.
٨- مەگنیسس، جۆن،(٢٠١٩)، رێبەری بەرنامەی راهێنانی شوێنەواری عێراقی مۆزەخانەی بریتانی، لەندەن.
٩- یووسف، عبدولڕەقیب،(٢٠٠٥)، فەنەر لە کوردستان و فەنەر لە دەشتی هەولێر،گۆڤاری مێرگ،ژمارە٧،هەولێر.
١٠- ئەکبــەر، علــی و ئەوانــی تــر، (٢٠١٣)، دێرینەناســی و هونــەر لەســەردەمە مێژوویەکانــی دەوڵەتــی مــاد و هەخامەنشــی و ئەشــکانی و ساســانی، وەرگێرانــی، وریــا قانیــع، چاپخانــەی شــڤان، ســلیمانی.
١١- ئەنوەر، کەیوان ئازاد،(٢٠١٨)، مێژووی ئیمپراتۆریەتی ساسانی ،چاپی دووەم، سلێمانی.

## دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:

١- ابــن حوقــل، أبي القاســم بــن حوقــل النصيبــي، (١٩٩٢)، كتــاب صــورة الأرض، منشــورات دار مكتبــة الحيــات، بــيروت.
٢-أبونا، الأب ألبير، (٢٠٠٦)، ديارات العراق، بغداد.
٣- اسمايل، زبير بلال،(بدون سنة)، أربيل في أدوارها التأريخية، مطبعه نعمان.
٤- الاصطخـري، ابـن اسـحاق ابراهيـم بـن محمـد (ت ٣٤١ هجري-٩٥٢ميـلادي)،(١٩٦١)، مسـالك الممالـك، تحقيـق: محمـد جابـر، دار العلـم، بـيروت.
٥- الأعظمــي، علــى ظريــف، (٢٠١٢)، تاريــخ الــدول الفارســية في العــراق، مؤسســة هنــداوي للتعليــم والثقافــه، القاهــرة.
٦- عبدالواحيد، كلثومه جميل،(٢٠٠٧)، كردستان في عهد الساسانيين، الطبعة الأولى، مطبعة وزارة التربية،أربيل.
٧- الجنابـى، قيـس حاتـم هـاني، (٢٠١١)، الاوظـاع السياسـية في الامبراطوريـة الساسـانية(٢٢٦-٤٥٩م)، مجلـة العلـوم الانسـانية، المجلـد ١، العـدد٨، جامعـة بابـل كليـه التربيـة للعلـوم الانسـانية، بابـل.
٨- جـوزەلي، أميـد إبراهيـم ،(٢٠٠٨)، الحيـاة العلميـة في أربـل مـن القـرن السـادس حتـى منتصـف القـرن السـابع للهجـرة، هەولێـر.
٩- الحمـوي، شـهاب الديـن بـن عبداللـه ياقوت(ت٦٢٦هجري-٩٠٤هيـلادي)،(١٩٧٧)، معجـم البلـدان، دارصـادر، بـيروت.
١٠- الدباغ، تقي الدين،(١٩٩٢)، الفكر الديني القديم، بغداد.
١١- رشيد، جمال و اخرون، (١٩٩٠)، تاريخ الكرد قديم، أربيل.
١٢- سافراستيان، أرشاك(بدون سنة)، الكرد و كردستان، ترجمة، أحمد الخليل.
١٣- الطـبري، أبـو جعفـر محمـد بـن جرير(٢٢٤-٣١٠هجـري)،(١٩٧٦)، تاريـخ الرسـل والملـوك، دار المعـارف بمـصر، جـزء١١، مـصر.
١٤- طراد، نجيب إبراهيم، (١٩٩٧م)، تاريخ الرومان، الناشر مكتبة و مطبعةالغد، جيزة.
١٥- العابـد، مفيـد رائـف محمـود، (١٩٩٩)، معـالم تاريـخ الدولـة الساسـانية (عـصر الاكاسرة) ٢٢٦-٦٥١م، دار فكـر المعـاصر، دمشـق.
١٦- على، جواد، (٢٠٠١)، الفضل في تاريخ العرب قبل الاسلام، الجزء الأول، بيروت.

١٧- كمال، احمد عادل، (١٩٧٤)، فتوح شرق بعد القادسية، الطبعة الأولى، لبنان.
١٨- لويد، سيتون، (١٩٩٣)، اثار بلاد الرافدين من العصر الحجري القديم حتى الغزو الفارسي،ترجمة، محمد طلب، ناشر دار دمشق، سوريا.
١٩- نيكيتين، باسيل،(١٩٥٨)،الاكراد،دار الروائم بيروت.
٢٠- يعقوب، احمد بن ابي،(١٤٢٥هجري)، تاريخ اليعقوبي، علق وعليه وضح حواشيه، خليل منصور، الطبعة الاولى، مطبعة شريعت، ايران.
سێیەم: سەرچاوە فارسییەکان:
١- تولدكه، تئوردور،(بى سال)، تاريخ ايرانيان وعربها در زمان ساسانيان، ترجمه عباس زرياب، استاه داشنگاه، تهران.
٢-دياكونوف، ميخائيل،(١٨٣٠هجري)، تاريخ ايران باستان، ترجمة، روحي ارباب، شركة الانتشارات العلمية و الادبية، طهران.
٣- رجبى، دكتر پرويز،(١٣٩٧هتاوى)، هزارەهاى مگشده، جلدى٥، تهران.
٤-كردستانى، شيخ محمد مردوخ (بى سال)، تاريخ كرد و كردستان و توابع يا تاريخ مردوخ، جلد ١، جاب دومه، تهران.
٥-كورد، جلال الدين شافعي، (١٣٧٨هتاوى)، جغرافياى كوردستان، چابخانه بهرام، تهران.
٦-كريستنسن، ارتور، (١٣٦٨هتاوى)، ايران در زمان ساسانيان، ترجمه، رشيد ياسمى، ناشردنياى كتاب، تهران.
٧- كولسنيكف، ا.اى و واخرون،(١٣٨٩شمسى)، ايران در استانه سقوط ساسانيان، ترجمه، محمد رفيق يحيايى، چاپ يكم، انتاشارات كندوكاو، تهران.

### چوارەم: سەرچاوە بیانییەکان:

Daryaee, Touraj, (2011), The oxford handbook of Iranian history, Oxford University press, new york.
Kolektiv, Lukas Pecha A, (2012), Materialni A Duchovni Kultura Vychodu V promenach Casu, Zapadoceska Univerzita V Plzni, Plzn.
Kopanias, Konstantinos and JohnMacGinnis, (2016), The Archaeology of the Kurdistan Region of Iraq and Adjacent Regions, Archaeopress Publishing Ltd.
Kopanias,Konstantinos and other,(2013),The Tell Nader and Tell Baqrta Project in the Kurdistan Region of Iraq,Preliminary Report of the 2011 Season,Journal Subartu,vo67-,Erbil.
Kopanias, Konstantinos and others, (2015), Archaeological Projects in the Kurdistan Region in Iraq, Commissioned by the Directorate of Antiqyities of Kurdistan.
Marga A.D, Thomas Bishop, (1983), The Book of Governors,v2 ,library of Princeton,London.
Novacek, karel and Melcak, Miroslav,(2014), The Medieval Urban Landscpae In Northeastern Mesopotamia (MULINEM): First two years of the project, Proceedings,Basel.

Novacek, karel and Others, (2016), Medieval Urban Landscpae In Northeastern Mesopotamia, Archaeopress Publishing Ltd.

Novacek, Karel, (2016),Medieval urbanism in adiabene, The Archaeology of the Kurdistan Region of Iraq and adjacent regions, Archaeopress Publishing Ltd.

poursharíati,Parvaneh,(2008),Decline and Fall of the Sasanian Empire,Published by,I.B.Tauris,New york.

Simpson, Jon, (2017), Sasanian Cities, Cambridge University Press.London.

Touraj, Daraee, (2016), The political history of Eran in the sasanian period,the sasanika project,California.

Ur, Jasson and Others, (2012), Ancient Cities and Landscape in the Kurdistan Region of Iraq: The Erbil Plain Archaeological Survey, Erbil.

Ur, Jasson and Blossom, Jeffrey, (2019), Mapping Ancient Landscapes,GIS for Science Applying Mapping And Spatial Analytics.Editors By Dawn J Wright And Christian Harder,Esri press-Redlands.California.

Ur, Jasson and Others, (2017), THE ERBIL PLAIN ARCHAEOLOGICAL SURVEY: PRELIMINARY RESULTS; 20122020-, Puplished online by Cambridge Unversity Press.

Ur, Jasson and Others, (2019), The Erbil Plain Archaeological Survey: Preliminary. 20122018-, For submission to IRAQ Manuscript date 10 August 2019.

Ur, Jasson, (2017), Erbil Plain Archaeological Project (EPAS), Season Final Report.

Ur, Jasson, (2017), The Archaeological Renaissance in the Kurdistan Region of Iraq,NEAR EASTERN ARCHAEOLOGY,VO3,Erbil.

## ملخص:

تتناول هذه الدراسة تاريخ الساسانين و اثارهم في كوردستان العراق وتحديدا المنطقة الواقعة بين نهري دجلة والزاب الصغير ، وبحكم هذا الموقع الاستراتيجى المهم تنافست القوى العظمى للسيطرة عليها وما خلفته الحضارة الساسانية من اثار لا يقل اهمية عن بقايا الحضارات القديمة كالسومرية منها و الاكدية فضلا عن الاشورية، وما هي الا دليل واضح على مدى انتشارهم و قوتهم في المنطقة ونجد تاثير الحضارة الساسانية علي جميع نواحي الحياة ولم تكن اختراعاتهم اقل تقدما من سابقهتم، سنسلط الضوء في هذا البحث على اهم الاثار الساسانية التي كشفت عنها معاول المنقبين وقاموا بتسجيلها والتي نستطيع من خلالها تكوين فكرة واضحة عن مدى تاثرهم و تاثيرهم على المنطقة الواقعة بين نهري دجلة والزاب الصغير.

كلمات مفتاحية: ساساني، كرد، حدود كوردستان، مسح اثارى، تنقيبات، إيباس، حزه.

# Abstract:

This study deals with the history of the Sassanids and their effects in Iraqi Kurdistan, specifically the area between the Tigris and Little Zab rivers. By virtue of this important strategic location, the great powers competed to control it, and the effects left by the Sasanian civilization are no less important than the remnants of ancient civilizations such as the Sumerian and Akkadian, as well as the Assyrian, and it is only clear evidence of the extent of their spread and power in the region, and we find the influence of the Sasanian civilization on all aspects of life. Their inventions were less advanced than their predecessors. In this research, we will shed light on the most important Sasanian monuments that were revealed by the excavators' shovels and recorded, through which we can form a clear idea of the extent of their influence and influence on the area between the Tigris and the Little Zab rivers.


**Keywords: Sassanid, Kurd, Border Kurdistan, Survey, Excavation, Epas, Azza.**